دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٩

پێنجشەممە
١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٦ی ژوئەنی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com



## دانی دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر لە کاتی ناشتنی ئایەتۆڵلا تاهیریدا

لە ریورەسمی ناشتنی ئایەتولا تاهیریدا دروشم بە دژی خامنەیی درا.

لەو فیلمانەی لە کاتی ناشتنی ئایەتولا تاهیری لە یوتیوبدا بڵاو بوونەتەوە دەردەکەوێ کە خەڵکێکی زۆر لە دژی خامنەیی‌و نیزامی دیکتاتۆریی ولات دروشم دەدەن.

بەشداران لە ڕێورسمی ناشتن‌و پرسەی ئایەتولا تاهیری بەدانی دروشم لە دژی زوڵم‌و دیکتاتۆری داوای ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی‌یان کردوە‌و سەبارەت بە لە بەندا مانەوەی موسەوی‌و کەڕوبی، دوو بەشداری هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٨٨ نارەزایەتیی توندیان دەربڕی.

ئایەتولا تاهیری، پێش‌نوێژی هەینیی پێشووی ئیسفەهان لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ئایەتولا تاهیری ساڵی ٧٨ زیاتر لە یەک میلیۆن دەنگ وەک نوێنەری ئیسفەهان بۆ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردراو دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ دا پشتیوانی لە میرحوسێن موسەوی کرد.

# حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ بایکۆت دەکا

### بەیاننامە

## (هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی جۆزەردانی ئێران)

لە٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا، لە ئێران دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکانی شار و دێ بەڕێوە دەچن. حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕوانین و هەڵوێستی خۆی لە بارەی ئەم هەڵبژاردنانەوە بەم جۆرە رادەگەیەنێ:

باوەڕی قووڵ بە دەسەڵاتی خەڵک و هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکانی سیستمی بەڕێوەبەریدا یەکێکە لەو بنچێنە خەڵکی و دێموکراتیانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە. ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی و پێداگری لە سەر مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، تێکۆشانی سیاسیی ئازادی لێ قەدەغە کراوەو مافی بەشداریی قانوونی لە پرسە سیاسییەکانی وڵات__ یەک لەوان بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی__ دا، لێ زەوت کراوە.

پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گرنگیی هەبووە. ئەو هەڵبژاردنانە لە لایەکەوە بە هۆی نێوەرۆکی سیستەمی سیاسیی وڵات و دەستێوەردانی راستەوخۆی بەیتی ڕێبەری و زاڵبوونی ئۆرگانە ناخەڵکی و داسەپاوەکانی وەک شوورای نیگابان، لە هەموو تایبەتمەندییەکی دێموکراتیک بەتاڵ کراونەوە. لە لایەکی دیکەوە لە چوارچێوەی بارودۆخی سیاسیی ئێراندا، هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکی بەرتەسک بوون بۆ هاتنەگۆڕی داخوازەکانی خەڵک و وەستانەوە و ململانێی ئەوان لە گەڵ ناوەند و دەستەو تاقمەکانی نێو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشە بە سیاسەت وبەرنامەکانیان.

بە تێگەیشتن لەو راستییە و، باوەڕەبوون بەسوودوەرگرتنی خەڵک لە لانیکەمی شانسەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەندین برگە و قۆناغدا،هاندەری خەڵک بە گشتی و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی نێوخۆی کوردستان بە تایبەتی بووە کە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ خستنەڕووی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆیان بقۆزنەوە. لەم روانگەیەوە هەڵوێستی سیاسیی خۆی بە لێکدانەوەی هەلومەرجی تایبەتیی کاتی هەڵبژاردنەکان و چەند و چۆنی شوێندانانی خەڵکی کوردستان لە سەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان دیاری کردوە. هەر بۆیە هەر فاکتەرێک کە لە خزمەت پاشەکشە بە سیستەمی سیاسیی وڵات و دابینکردن و جێبەجێبوونی مافی خەڵک دابووە، بە چاوێکی ئەرێنی لێی ڕوانیوە و هاندەر وپشتیوانی بووە. ئەو کاتەی هیچ بوار و شانسێکی بۆ شوێندانان لە سەر ڕەوتی هەڵبژاردن بە قازانجی داخوازەکانی خەڵک بەدیی نەکردبێ، داوای تەحریمی هەڵبژاردنەکەی کردوە. هەر کاتێکیش، کەمترین ئیمکان بۆ سەرکەوتنی خواست و ئیرادەی خەلک لە ڕێگای دەنگدانەوە هەبووە، خەڵکی بۆ بەشداری لە دەنگدان و پشتیوانی لە کاندیدای دڵخوازی خۆیان هان داوە و بەمجۆرە چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەڵبژاردنی کردوە بە مەیدانێکی دیکەی بەربەرەکانیی خەڵک و ڕێژیمی دەسەڵاتدار.

ل ٤




سەرەڕای جیاوازیی نێوان هەلومەرجی سیاسیی ئێستا و چوارساڵ لەمەوبەری ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە بە ئامانجی قۆستنەوەی کەشوهەوای هەڵبژاردن بە قازانجی هێنانە گۆڕی پرسی کوردو نەتەوەبندەستەکانی دیکەی ئێران، دەست بە کار بووە. هەوڵەکانی ئەم حیزبە لەم پێوەندییەدا لەگەڵ پێشوازیی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی دڵسۆز لە نێوخۆی وڵات بەرەوڕوو بووە. گرنگیدانی خەڵکی کوردستان بە پرسی نەتەوەیی خۆیان و ڕوانینیان لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەڵبژاردن‌و کاندیداکانی سەرکۆماری، بووە بە هۆی ئەوە هێندێک لە کاندیداکانی ئەم دەورەیەش، کەمتاکورت باس لە پرسی نەتەوەبندەستەکان‌و هەڵاواردن وپشتگوێ‌خرانیان لە ئێران‌دا بکەن.

لە بەیاننامەیەکدا کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ هەڵوێستی حیزب لە بارەی هەڵبژاردنەکانی رۆژی٢٤ی جۆزەردان دا، بڵاوی کردۆتەوە، هاتوە:

«وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوەندە ئاوڕدانەوەیەی کاندیداکانی سەرکۆماری لە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، زۆر بە بچووک و ناتەواو و تاکتیکی دەزانین. لە لایەکی دیکەشەوە هیچ گەرەنتی و شانسێک بۆ پارێزرانی دەنگی خەڵک نابینین و هیچ دوور نیە هەر وا کە جاری پێشوو ڕێبەری نیزام وسوپای پاسداران، سەرەڕای حوزووری دەیان میلیۆنیی دەنگدەران و وەڕێ‌کەوتنی بزووتنەوەیەکی گەورەی ریفۆرمخوازی، توانیان کەسی دەستنیشانکراوی خۆیان لە سندووقەکان بێننە دەر، ئەمجاریش ئەگەر پێویست بێ، هەمان سناریۆ دووپات نەکەنەوە. بە سەرنجدان بە هەمووی ئەو راستییانە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنەکانی رۆژی ٢٤ی جۆزەردان بایکۆت دەکا.»



کوردو هەڵبژاردنی شووڕاکان

٦



پێگەی سەرکۆمار لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا

٧



ژنان‌و هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران!

٨



گرنگیی هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئێران

١٠



کورتەباسیک لەسەر مۆسیقی و گۆرانیی کوردەکانی خوراسان

١١

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ڕیزگرتن لە یادو بیرەوەریی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی‌دا، بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێک یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانەی بەرز ڕاگرت.

بۆ لاپەڕی ٣




## بەردەوامیی ناڕەزایەتیەکان لە تورکیە لەسەر بانگهێشتی سەندیکاکان



لە درێژەی ئاڵۆزی‌یەکانی تورکیەدا، گرژی لە نێوان بەشی ناڕازیی کۆمەڵگاو دەوڵەت‌و پۆلیس هەروا بەردەوامە.

ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن کە لە ماوەی حەوتووی رابردوودا لە شەقامەکانی شارە گەورەکانی ئەم وڵاتە دەوڵەتی ئیسلامگەرای «دادو گەشە«یان تووشی ململانێ کردوە، لە وڵامی داوای لێبوردنی جێگری سەرۆک وەزیردا، رایانگەیاند کە لە ئێستادا داوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکی پۆلیسی چەند شارێکی وەک ئیستانبول و ئانکارا دەکەن کە ناوەندی سەرەکیی ناڕەزایەتیەکانن.

بلێنت ئارینچ، جێگری سەرۆک وەزیری تورکیە رۆژی سێشەممە، لە کۆنفرانسێکی خەبەری‌دا وێڕای دانپێدانانی توندڕەویی پۆلیس لە سەرکوتی خۆپێشاندەران‌دا، داوای لێبوردنی لەم کەسانە کرد کە بەوتەی خۆی تووشی زیان هاتوون.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسە، عیووب موومچوو، وتەبێژی ناڕازییان لە کۆتایی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە لە ئانکارا رایگەیاند کە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت لە حالی حازردا داوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک پۆلیسەکان لەم شارانە دەکا کە لەوان‌دا هێزە ئینتزامیەکان خەڵکیان سەرکوت کردوە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە ماوەی ٧ رۆژدا خۆپێشاندانی ناڕەزایەتی لە شارە جیاجیاکانی تورکیە، ئەو ڕووداوانە دوو کووژراوو سەدان برینداری لێ کەوتۆتەوەو لەو ماوەیەدا نیزیک بە دوو هەزار کەسیش دەستبەسەر کراون.

## سەردانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی شیووعی لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەولێر

هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی شیووعی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێری کرد رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٨ی جۆزەردانی ٩٢ ، شاندێکی پێوەندیەکانی ناوەندیی حیزبی شیووعیی کوردستان بە سەرپەرستیی محەممەد شێخانی، بەرپرسی ناوەندی پێوەندی‌یەکانی ئەو حیزبە، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری هەولێر، پێیتەختی هەرێمی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکەوە بە سەرپەرستیی برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازیی لێ‌کرا.

لە سەرەتای ئەم دانیشتنەدا هەردوو نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتو حیزبی شیووعیی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ پێوەندی‌یەکانی هەردوو حیزب و هەروەها پێوەندیی نێوان هێزو لایەنەکانی کوردستاندا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. پاشانیش دوو لایەنی بەشداری کۆبونەوەکە، هێندێک پرسو ڕووداوی پێوەندیدار بە ناوچەکەو هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد. لە دوایین بەشی ئەم دیدارەدا هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا، هەڵوێستو ڕوانگەکانی ڕێبەریی حیزبی لەم بۆ هەیئەتی میوان خستە ڕوو.



## خالید عەزیزی:

# خوێندنەوەمان بۆ هەر ڕووداو ئاڵۆگۆڕێک لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەو ئەوە بۆ حیزبی دێموکرات پرنسیپێکی نەگۆڕە



بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دوایین خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزبی لە سەر ڕووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکان پێشکەش کرد.

پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٢ لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری‌و سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، بەمەبەستی تیشک‌خستنە سەر باسەکانی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، کۆبوونەوەیەک بۆ سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز کاک خالید عەزیزی پێک هات.

بەڕێز سکرتیری گشتیی حیزب، لە پێوەندی لە گەڵ باسە سیاسی‌یەکانی دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی‌دا راپۆرتێکی پیشکەش کرد.

بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەی‌دا ڕای‌گەیاند کە تەحلیل‌و تاوتوێ‌کردنی ڕووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەو ئەوانەی پێوەندی‌یان بە پرسی کوردەوە هەیە، لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە لە خانەی بەرەژەوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا خوێندنەوەی بۆ کراوەو لە هەموو باسەکان‌دا بەرەژەوەندیی خەڵکی کوردستان وەک ئەساس بە پرەنسیپێکی نەگۆڕ ڕەچاو کراوە.

خالید عەزیزی لە ئاوڕدانەوەی بۆ پرسی کورد لە سێ پارچەی باشوور، باکوورو ڕۆژاوای کوردستان‌و باروودۆخی جیاوازی هەر کام لەو وڵاتانەدا کە ئەم بەشانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ڕای‌گەیاند کە ڕێبەریی حیزب بە گەشبینی‌یەوە لە ڕۆڵ‌و دەوری کورد لە ئاڵوگۆڕەکان‌دا دەڕوانێ‌و گوتی کە:» ئەوەی دەتوانێ تەزمینی دابین‌کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی کورد لە هەرکام لەم پارچانە بکا، یەکگرتوویی‌و هاوهەڵوێستیی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانە.»

هەر لەم پێوەندی‌یەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، پێی وابوو: «بە پێی بارودۆخی ناوچەکە کۆمەڵگای جیهانی‌و ئەو هێزانەی لە بەرنامەیان‌دایە لە ئاڵوگۆڕەکان بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن‌و یارمەتی بە پرۆسەی ئاڵوگۆر لە ناوچەکەدا بکەن، ناتوانن‌و لە قازانجیان‌دا نیە کە کوردو پرسە ڕەواکەی لە بەرچاو نەگرن. بۆیە ئەوەی لەم پێوەندی‌یەدا گرنگەو پێویستە هەموو لایەکمان خەمی لێ‌بخۆین‌و کاری لە سەر بکەین ئەرکی حیزبە سیاسی‌یەکان لەم پێوەندی‌یەدایە».

سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکرات لەم پێوەندی‌یەدا رای‌گەیاند کە لە قۆناغی ئێستادا یەکگرتوویی‌و هاوهەڵوێستیی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی‌یە.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا بە ئاوڕدانەوەی جیاجیا لە بارودۆخی هەر سێ وڵاتی عێراق، تورکیەو سووریەو باردووۆخی پرسی کورد لەم وڵاتانە خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزبی لە پێوەندی لە گەڵ بەرەوپێشچوونی پرسی کورددا بەم شێوەیە خستەڕوو و گوتی: ئەزموونی هەر کام لەم بەشانەو تەعامولی دەوڵەتەکانیان لە گەڵ پرسی کورددا دەتوانێ پەیامێکی باش‌و ئەرێنی بدات بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌و دەسەڵاتی ناوەند لە ئێران کە تەنیا ڕێگای چارەسەری قەزیەی کورد لە گەڵ تاران، ڕێگاچارەی ئاشتەوایی‌و دیالۆگو خوێندنەوەی واقیعییەتەکانە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاتە سەر پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌و شووراکان لە ئێران‌و بە پێشکەش‌کردنی خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب لەم پێوەندی‌یەدا گوتی:» پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە چ هەڵوێستێک بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان بگرین، هەوڵمان داوە لەم پرسە وەک مەجال‌و دەرفەتێک بۆ خوێندنەوەمان بەرانبەر بە واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی نێوخۆی ئێران‌و داهاتووی ئەم وڵاتە کەڵک وەربگرین‌و هەروەها خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەتری فازەکانی خەباتی نەتەوایەتیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن».

لە پێوەندی لە گەڵ هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌و شووراکان‌دا، بەڕێز عەزیزی بە جیاکردنەوەی ئەم دوو هەڵبژاردنە لە یەکتری‌و شوێن‌و کاریگەری‌یان لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، رای‌گەیاند کە: ئەوەندەی پێوەندی بەم دەورە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌یەوە هەیە، وا وێدەچی بە ناچاری ڕێگای تەحریم‌و بایکۆت بگرینە بەر.»

شایانی باسە خالید عەزیزی لە دوایین بەشی ڕاپۆرتەکەیان‌دا لە پێوەندی لە گەڵ دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا، باسی چەند پرسێکی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کردو پاشان بەشێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە مەترەح‌کردنی راوبۆچوونەکانیان بەشداری‌یان لە باسەکەدا کرد.

# هەر دوولایەنی دێموکرات بە یەکەوە پرسی هەڵبژاردنەکانی ئێرانیان تاوتوێ کرد



بە ئامادەبوونی سکرتێرەکانی هەروو لایەنی دیموکرات پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌و شووراکان لە ئێران، ئاڵۆگۆڕی بیروڕای لە سەر کرا.

پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢١ی مای ٢٠١٣) هەیئەتێکی حدکا بە سەرپەرستیی مستەفا هیجری، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێ کرا.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا کاک خالید عەزیزی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی‌و حیزبەکەی لە بەردەوامبوونی دانیشتن‌و دیالۆگی نیوان دێموکراتەکان بەخێرهاتنی هەیئەتی میوانی کرد.

پاشان کاک مستەفا هیجری سەبارەت بە نێوەرۆکو ئامانجی دانیشتنە هاوبەشەکە، واتە گۆڕینەوەی بیروڕا لە سەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌و شووڕاکان لە ئێران باسەکەی کردەوەو ڕوانگەی خۆیانی لە پێوەندی لە گەڵ هەردوو پرسەکەدا خستە ڕوو.

بەڕێز هیجری رای‌گەیاند کە حیزبەکەی لە ڕوانگەی نێوەرۆکی سەرەڕۆیانەو دژەدیموکراتیکی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەڕوانێتە هەڵبژاردنەکان‌و بەم هۆیەوە کە هەڵبژاردن لەو ڕیژیمەدا لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی دیموکراتیکو هەڵبژاردنی ئازاد بێبەری‌یە،ئەوان، تەحریمی هەڵبژاردن بە تەنیا هەڵوێستی گونجاو دەزانن.

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، بە ئاماژە بە باسەکانی نوێترین پلینۆمی حیزب، وێڕای وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی دەرەتانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکڕاتیکیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا لەنێو بردوە، هەڵوێستەی لە سەر تایبەتمەندی‌یەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە کرد.

خالید عەزیزی لە دەلاقەی چۆنیەتیی گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستان، چووە نێو گرنگیی پرسی هەڵبژاردن‌و رای‌گەیاند کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای بەدواداچوون‌و لێکدانەوەی دوایین ڕووداوو ئاڵۆگۆڕەکانی پێوەندیدار بە پرسی هەڵبژاردنی ئەمجارە، هەڵوێستی یەکجاریی خۆی ڕادەگەیەنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، وێڕای پێداگریی حیزبەکەی لە سەر هاوهەڵوێستیی نێوان لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووپاتی کردەوە کە «لە ئەگەری هەرشێوە هەڵوێستێک لەم پێوەندی‌یانەدا، پێویستە لە سەر ئەساسی کەڵک‌وەرگرتن لە مەجالەکان بە قازانجی بەرژەوەندی‌یەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان هەڵوێست بگرین».

لەم دانیشتنە هاوبەشەی هەر دوو لایەنی دیموکراتدا بۆ جارێکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ ئاڵۆگۆڕی بیروڕا لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بە تایبەت هەردوو لای دێموکرات وەک دوو هێزی شوێندانەر، پێداگری کرایەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی رێکخراوی ژنێڤاکاڵ لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان





هەیئەتێکی رێکخراوی ژنێڤاکاڵ لە بارەگای حیزبی دێموکرات سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

رۆژی یکشەممە، رێکەوتی ١٢ی جۆزەردان، هەیئەتێکی رێکخراوی جیهانیی دژە مین (ژنێڤاکاڵ) سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگر سکرتێری حیزب پیشوازی لێ کرا.

لە دیداری نێوان هەردوو هەیئەتی رێکخراوی ژنێڤاکاڵ و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کۆمەڵە باسێکی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی رووبەرووبوونەوە لە گەڵ خەسارەکانی مین لە کوردستان‌و هەروەها چۆنیەتی کارکردن بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ بەکارهێنانی مین‌و شێوازەکانی پوچەڵکردنەوەی مین لە کوردستان قسەیان لە سەر کرا.

لەم دانیشتنەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پابەند بوونی حیزبی دێموکراتی بە رێکەوتنی لە گەڵ رێکخراوی ژنێڤاکاڵ دووپات کردەوەو داوای لە هەیئەتی رێکخراوی ناوبراو کرد لە پێوەندی لە گەڵ پاککردنەوەی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە مینی چێندراوی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە رێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩١ بە هاتنی هەیئەتێکی رێکخراوی ژنێڤاکاڵ، بە سەرۆکایەتیی خاتوو ئیلیزابێت دێکرێ وارنێر، سەرۆکی رێکخراوەکە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، رێکەوتننامەی ئەم رێکخراوەیەو حیزبی دێموکرات لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی یەوە ئیمزا کرا.

رێکخراوی ژنێڤاکاڵ ریکخراوێکی ناحکومیی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە وبە پشتیوانیی ئەو رێکخراوەیە بانگەواز بۆ دژایەتیکردنی دروستکردن و هەڵگرتن و عەمبارکردنی مینی دژەنەفەر دەکا.

# سەردانی هەیئەتێکی کاروباری پەنابەرانی وڵاتی دانمارک لە دفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



بە مەبەستی باسکردن لە پرسی پەنابەرانی کورد لە وڵاتی دانمارک، هەیئەتێکی کاروباری پەنابەرانی ئەم وڵاتە سەدانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە پێشوازی لێ کرا.

دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە. رێکەوتی ١١ی جۆزەردانی هەیئەتێکی کاروباری پەنابەرانی وڵاتی دانمارک پێکهاتوو لە خاتوو دۆرتە سمێدو لەگەڵ خاتوو ریکی یانسێن راوێژکارانی ئیدارەی پەنابەرانی دانمارک لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی بەڕیز مستەفا مەولوودی، جێگر سکرتێری حیزب پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەدا هەیئەتی میوان بە هێنانۆ گۆڕی کۆمەڵە پرسیارێکی پیوەندیدار بە گرفتی تێکۆشەرانی سیاسیی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان و هەروەها بارودۆخی پەنابەرانی کوردی لە ئورووپا، داوای لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکاریی ئیدارەی پەنابەرانی وڵاتی دانمارک بکات.

لە بەرانبەردا هەیئەتی حیزب وێڕای رێزو پێزانین بۆ وڵاتانی ئورووپایی لە وەرگرتنی پەنابەرانی کوردو تێکۆشەرانی دێموکرات لەم وڵاتانە، لە پێوەندی لە گەڵ مەبەستی هەیئەتی کاروباری پەنابەرانی وڵاتی دانمارک دا کۆمەڵە زانیارییەکی پێشکەش بە هەیئەتی ناوبراو کرد.

## دیداری نێوان هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حیزبی دێموکڕاتو حیزبی سەوزەکانی سویس

لە سەر بانگهێشتنی حیزبی سەوزەکانی سویس ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ١ ی جۆزەردان شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی زاهید شاعیری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سویس، لەگەڵ شاندێکی حیزبی سەوزەکان پێکهاتوو لە »فرەی هانس پیتێر«، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی سەوزەکانی سویسو بەرپرسی یەکەمی کانتۆن سنتگالێنو «کاترینا لیبەرهەرر» لە شاری زووریخ کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە باسێک لەسەر بارودۆخی گشتیی ئێران بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سیاسەتو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراو دواتر وەڵامی پرسیاری وەفدی حیزبی سەوزەکان لە پێوەندی لەگەڵ باسەکاندا درایەوە. بارودۆخی ئیستای ئێرانو هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری تەوەرێکی دیکە باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە لەلایەن هەیئەتی حیزبەوە قسەی لەسەر کراو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە موهەندیسیکردنی هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا بۆ حیزبی سەوزەکان شی کرایەوە. شایانی باسە دوای دوو کاتژمێر وتووێژی بەردەوام، ئەو کۆبوونەوەیە لەلایەن دوولایەنەوە بە کۆبوونەوەیەکی باش هەڵسەنگێندراو لەلایەن هەر دوو وەفدەوە بریاری درێژەی کۆبوونەوەی زیاتر لە داهاتوودا دراو میکانیزمەکانی هاوکاریی دوو لایەنە قسەی لەسەر کرا.

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان








یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاویدا، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانەی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ ی جۆزەردانو بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەگای حیزبی دێموکڕات بەڕێوەچوو، وێڕای مەحکومکردنەوەی ئەو جینایەتە تیشک خرایە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییەو کاریگەریی لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ڕاگەیاندنی چەند ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانە دەستی پێکرد، پاشان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد کە دەقی قسەکانی هەر لەم ژمارەیەی کوردستاندا چاپ کراوە.

دوای قسەکانی کاک قادر وریا، سامان فەقێ نەبی، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی ڕێکخراوەکەی بەو بۆنەیە خوێندەوە.

لە پەیامی یەکیەتیی لاواندا وێڕای ئاماژە بە هۆکارو بەستێنەکانی خوڵقانی ئەو جینایەتەو مەبەستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە هاتبوو کە یەکیەتیی لاوان هەر لەو کاتەدا کە ئەوجنایەتەی لە لایەن ڕێژیمەوە دژ بەو کۆمەڵە لاوە ئەنجام درا، شەرمەزار کرد ، شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم تاوانەو بۆ بەرزڕاگرتنی ورەو ئیرادەی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان هەنگاوی هەڵێناو هەنووکەش وێڕای نیشاندانی وەفاو ئەمەگناسیی خۆی بۆ شەهیدانی ئەم تاوانە دژە مرۆییە، ئامادەیی خۆی بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی پڕ لە سەروەریی وڵاتپارێزیو ئازادیی گەلو ڕزگاریی نیشتمان دووپات دەکاتەوە.

لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپکردنی هەستی شۆڕشگێڕانەو شعووری نەتەوەیی لاوانی کورد تاوانی ١٢ی جۆزەردانی خوڵقاند، بەڵام جێی شانازییەکە شۆڕشگێڕانی دێموکڕات بە گشتیو فەرماندەی نەمری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەهید شاپوور فیرووزیو هاوسەنگەرانی بە تایبەتی لە ڕێگای ئەنجامدانی ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانە وەکوو هێمایەک بۆ ٥٩ لاوی شەهید، توانیان ئەم پیلانەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوەو باوەڕبەخۆبوون لە ناخو هزری تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچێننەوەو خاوەنداریتی لە ئیرادەی پۆڵایینی ئەم پۆلە لاوە سەربەرزەی وڵاتەکەمان بکەن.

پاشان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد.

مامۆستا بە ئاماژە بە باردۆخی سیاسیی ئەو کاتی کوردستانو شەڕو ململانێی توندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی باسی ئەوەی کرد کە مەبەستی ڕێژیم لە ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوەی شاری مەهاباد دابەزاندنی ورەی هێزی پێشمەرگە بوو، بەڵام ڕێژیم نە توانی لەوەیاندا سەرکەوتوو بێو نە توانی چۆک بە لاوانی کورد لە شارو گوندەکانیشدا بدا، هەر ئەوەی کە ئێستاش زیندانەکانی ئێران لە لاوانی خەباتگێڕی کورد جمەیان دێ، نیشانەی ئەوەیە کە تەقەلای ڕێژیم بۆ کپکردنو چاوترسێنکردنی لاوانی کورد نەزۆکو بێئاکام بووە.

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی کردو گوتی لەوانەیە ئەو ڕێژیمە ئێستاش بتوانێ خەڵکەکەی بکوژێ، ناڕەزایەتییەکان سەرکوت بکا، بەڵام ناتوانێ خۆی لە چارەنووسی حەتمیی خۆی کە ڕووخانو هەرەسهێنانە ڕزگار بکا.

لەبەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕسمەدا کاک ئەحمەدی قادری، شاعیری بەهەستی نێوڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەخشانە شێعرێکی بەسۆزی بەو بۆنەیەوە خوێندەوەو لە دوایین بڕگەی ئەو کۆڕیادەدا ئەحمەد سادقپوور، کادری دێرینی حیزبو زیندانیی سیاسیی پێشووی کورد کە لە زیندانی ورمێ هاوبەندیی ٥٩ لاوی ئێعدامکراوی کورد بووە، چەند بیرەوەرییەکی لە چۆنیەتیی بارودۆخی خۆیان لە زیندانو ڕۆژی بردنی ئەو ٥٩ شەهیدەو ڕۆژەکانی دوای گوللەباران کرانیان گێڕایەوە.

ئەحمەد سادقپوور تیشکی خستە سەر ئەوەی کە یەکێکی دیکەش لە مەبەستەکانی ڕێژیم لە ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد تێکشکاندنی ورەو ڕووحی بەرگری لە نێو زیندانەکان بوو، بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەو جینایەتە دەری خست کە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سیوهەشتەمینساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا



لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە ڕێورەسمی سیوهەشتەمین ساڵیادی ئەم حیزبە لە شاری هەولێردا کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردان لە سەر بانگهێشتنی رەسمیی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێورەسمی سیو هەشتەمین ساڵیادی یەکیەتیی نیشتمانی لە شاری هەولێردا کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پێشوازیی گەرمی نوێنەرانی لایەنی خانەخوێ، پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیو سەرجەم ڕێبەریی حیزبیان گەیاندە سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان.

شایانی باسە کە لە پەراوێزی ڕێوەرەسمەکەدا، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاویان بە کۆمەڵێک لە نوێنەرانی هێزو لایەنەکانی کوردستان کەوتو دیداریان لە گەڵ نوێ کردنەوە.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە نۆروێژ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان



کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بەبۆنەی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان سیمینارێکی بەڕێوە برد.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری کۆمیتەی دەرەوەی ئەو یەکیەتییە ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٢ کۆمیتەی نۆروێژی سمینارێکی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان بەڕێوە برد.

ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لەلایەن کۆری سروودی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکردو بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان چەند ساتێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

لەو سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لەلایەن مەحبووبە ڕەحیمی، بەرپرسی کومیتەی نۆروێژی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

شوعلە قادری، بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو کە باسێکی لەسەر وەزعی منداڵانی کوردستان و وەزعی خراپی منداڵان لە ژێر سایەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا پێشکەش کرد.

برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارە بۆ باسی عوسمان عەبدوڵڵاهی، بەرپرسی پێشووی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرابوو کە لەسەر بارودۆخی منداڵان لە ئێرانو هەروەها هەڵسەنگاندنێک لە نێوان بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی منداڵانو قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. ناوبراو لە کۆتایی باسەکەیدا ئاوڕێکی لە کارەکانی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوەو بەبایەخەوە کارەکانی هەڵسەنگاند.

دوایین کۆڕگێری سمینارەکە کۆیستان عومەرزادە بوو کە باسێکی تێروتەسەلی لەسەر منداڵو پەروەردەو کاریگەریی شەڕ لەسەر منداڵو هەروەها چەمکی منداڵو لایەنەکانی پەروەدەو ئەو دەستەواژانە پێشکێش کرد کە لەلایەن دایکو باوکانەوە بەکاردێنو دەتوانن ڕەنگدانەوەی خراپیان لەسەر هۆشو داهاتووی منداڵ هەبێ.

شایانی باسە کۆتایی سمینارەکە بۆ پرسیار و تێبینی ئامادەبووان تەرخان کراو لەنێو ئاخنی بەرنامەکانیشدا گرووپی هەڵپەرکێی یەکیەتیی لاوان بە سروودو چەند تابلۆیەکی هونەری بەشداریی گەرمیان لە بەڕێوەبردنی ئەو سمینارەدا کرد.

## هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی هاتنە پێشەوەی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست




کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمینارێکدا تاوتوێی هاتنەپێشێو لە مەیداندابوونی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆهەڵاتی نێوەراستدا کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی جۆزەردان بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی کۆبوونەوەکانی حیزب گیرا، جەماڵ حوسێن، نووسەرو شارەزا لە بواری ئیسلامی سیاسیی پرسی بەهێزبوونو هاتنەپێشەوەی ئیسلامی سیاسیی لە هاوکێشەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا هێنایە بەرباس.

جەماڵ حوسێن لە سەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بە هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، ئەوەی کە بە بەهاری وڵاتانی عەرەبی ناوی دەبرێ کردو گوتی بینینی ئەو واقعە لە خوێندنەوەی سیاسیدا گرینگە کە ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسیی لە شێوازو پێناسەی جۆراوجۆری خۆیدا بەهێزەو لە میسرو توونێسو تورکیەدا دەسەڵاتی بەدەستەو ئەگەری ئەوەش هەیە لەداهاتووی سورییەشدا دەسەڵات بگرێتە دەست.

کۆڕگێڕ لە باسەکەیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە نابێ پێمان وابێ سەرهەڵدانو گەشەی ئیسلامی سیاسی دەستی دەرەکی لە پشتە، بەڵکوو ئەوە بەستێنو هۆکارە ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لەو وڵاتانەیە کە بوار بۆ هاتنەپێشێی ئیسلامی سیاسی خۆش دەکەن.

کۆڕگێڕ تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بۆ بەراوردی بارودۆخی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشانەو گوتارو لایەنەکانی لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی٥٧ لە ئێرانو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کردو گوتی بەهاری عەرەبی دووپاتبوونەوەی ئێرانی ئیسلامی نیەو، ئەو ڕەوتانە لەو وڵاتانەو بەپێی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی و بەستێنە جۆراوجۆرەکان نەک مەترسیدار نین، بگرە باشترین دەرفەتو هەل بۆ خۆتاقیکردنەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ هێنانەدیی دروشمەکانو هاتنەدەرێ لە قاوخی ئۆپۆزیسیۆنو هاتنە سەر حوکمە.

ناوبراو بۆ شیکردنەوەی ئەو باسەی ئاماژە بە هاتنە سەرکاری ئیخوانولموسلمین لە میسرو چەند هەڵبژاردنی ئەم دواییانە کرد کە تێیاندا بەردەوام دەنگو متمانەی ئیخوانولموسلمین لەلای خەڵک لەکەمی داوەو گوتی خەڵکی ئەمڕۆ نایانەوێ بیانبەن بۆ بەهەشت، بەڵکوو دەیانەوێ گۆشەیەک لەو بەهەشتو خۆشبژیویو ژیانەیان بۆ دەستەبەر بکرێ کە تا ئێستا لە درشمەکان لە دژی دەسەڵاتەکانی پێشوو بەرزیان کردۆتەوە.

شایانی باسە کە لە دوایین بەشی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران بە سەرنجو تێبینیو پرسیارەکانیان لە کۆڕگێڕ کە دواتر لەلایەن بەڕێزیانەوە وەڵام درانەوە، بەشداریی گەرمیان لە باسەکەدا کرد.

## ستۆکهۆڵم: بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی بۆ دێموکراسی لە ئێراندا

چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران، کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی دوو بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە کار کرد

چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی مەی ٢٠١٣ بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە گوڵاڵە شەرەفکەندیو کاوە ئاهەنگەری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

ئەو کۆنفرانسە بە قسەکانی فرێدریک ماڵم، ئەندامی پارڵمانی سوئێد لە حیزبی لیبڕالی سوئێد کرایەوە، ناوبراو وێڕای بەخێرهاتنی بەشداران، کورتەباسێکی سەبارەت بە حیزبی لیبڕال، پارڵمانی سوئێدو ئێران پێشکەش کردو لە درێژەدا باسێکی لەسەر نێوخۆی ئێران، کێشەی ئابووری، نەبوونی دێموکراسیو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دۆخی ژنانی ئێران، هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، هاتنەدەرەوەی لاوانو بژاردەکانی وڵات، نەبوونی ئازادی بۆ کۆمەڵگای کورد، بەلووچو ئازەریو گرووپە ئیتنیکییەکانی دیکەو کێشەی ژنانو کەمینەکانو زۆر کێشەی دیکە کە ئێستاکە لە ئێران لەئارادان، پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باسی لە بوونی کۆنفرانسو کۆبوونەوەی زۆری ئێرانییان لە دەرەوەی وڵات کردو ئەوەی بۆ ڕێکخستنی هێزی گۆڕانخواز بۆ کاتی گۆڕانو وەرچەرخان بە ئەرێنی نرخاند.

لە درێژەی کۆنفرانسدا شەهریار ئاهی، ئەندامی بەڕێوەبەری کۆنفرانس خاتوو مێهرانگیز کار وتاری خۆیان پێشکیش کرد. خانمی کار لە وتەکانیدا ئاماژەی بە دۆخی ژیانی ژنانو مافەکانیان لە ئێراندا کرد. لە پانێلی یەکەمدا عەلیڕەزا نوریزادە، کیانووش سەنجەری، کیانووش تەوەککولی، مەجید موحەممەدی بەشدار بوونو باسێکیان دەربارەی دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران، هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماریو کێشەی ناوکیی ئێرانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێشکەش کرد.

بە دوای باسەکانی پانێلدا نۆرە بە بەشداران گەیشت بۆ پرسیارو پێشکەشکردنی تێبینیی خۆیان لەبارەی باسەکانی پانێلەوە. لێرەدا کاوە ئاهەنگەری بە پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەک بەشداریی ئەم بەشەی کرد. کاوە ئاهەنگەری پێی وابوو کە خامەنەیی زۆر دەقیقو وشیارانەو ستراتیژیک ڕەفسەنجانیی ڕەدی سەلاحیەت کردووەتەوە چونکە خامەنەیی ئێستاکەو لەم برگە زەمانییەو لە باسی هەڵبژاردندا بە دوای ڕازیکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە نیەو زۆرتر بیر لە مەسرەفی نێوخۆیی دەکاتەوە. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە کە پێی وایە هەڵبژاردەی خامەنەیی سەعیدی جەلیلییە، زۆرتر دەتوانێ باقری قالیباف بێ. چونکە سەعیدی جەلیلی لە شوێنو لە ڕاسپاردەی خۆیداو لە کێشەی ناوکیو وتووێژ لەگەڵ ڕۆژئاواییەکاندا، نوێنەرایەتیی خامەنەیی دەکا، بۆیە خامەنەیی بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ بۆ مەسرەفی نێوخۆییو لە دوو بواردا، یەکەم کڕینی کات بۆ بەجێگەیاندنی پرۆژەی ناوکیو گەیشتن بە چەکی ناوکی، دووهەم سەروسامانdان بە دۆخی نێوخۆییو ناڕەزایەتیی خەڵکیو خڕکردنەوەی وڵات. بۆیە ئاهەنگەری پێیوابوو کە خامەنەیی وەک کەسێکی ئیدئۆلۆژیکو باوەڕمەند بە دوای ڕاگرتنی نیزامەوەیەو بۆ ئەم مەبەستەش لە کەیسی هەڵبژاردندا بە دوای مەسرەفی ناوخۆییدا دەگەڕێو موناسبترین کەسیش بۆ ئەم مەبەستە باقر قالیبافە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە بە تەوەری ‹ هەڵبژاردنی ئازاد› کۆنفرانس دەستی بە کارەکانی کردەوە. لەم پانێلەدا حەسەن شەریعەتمەداری، محەممەد مستەفایی، ڕامین ئەحمەدی، شەهرام تەبەری، ئارام حیسامیو عبدلله مهتدی وەک بەشداری پانێل لە سەر تەوەری دیاریکراو، باسو بابەتی خۆیان پێشکەش کرد. کاری کۆنفرانس دواتر بە پانێلی واقعی پلۆرالیستیو چەند کانونی بوونی پانتایی سیاسیی ئێرانو مەسەلەی یەکیەتیی بۆ دێموکراسی درێژەی پێدراو لەم پانێلەدا شەهریار ئاهی، ئەحمەد ڕەئفەت، فەرەیدون ئەحمەدی، موحسێن سازگارا، عەلیئەسغەر ڕەمەزانپور وتاریان پێشکەش کرد. ڕۆژی دووهەم لە پانێلی یەکەمدا لە ژێر ناوی داهاتوو پێکەوە دروست دەکەین، هاوفکریو هاوگەرایی لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا بەڕێوەچوو. لەم پانێلەدا حەسەن شەریعەتمەداری وەک پانێلگێڕ، کاوە ئاهەنگەری، حوسێن باقرزادە، ناسر بولیدەیی، ماشەڵڵا سەلیمی بەشدار بوون. لە پانێلی دووهەمی ڕۆژی دووهەمدا پرسی ژنانو هەڵاواردنی جنسیەتی بە بەشداریی گوڵاڵە شەرەفکەندی ، مەهشید پگاهی، ناهید حوسێنی، ئەمین ریاحی بەڕێوە چوو. لەو بەشەدا گوڵاڵە شەرەفکەندی وێڕای بەڕێوەبردنی پانێل وتارێکی لە مەڕ هەڵاواردنو جۆرەکانی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

لە درێژەی باسی هەڵاواردندا، باسێکی موقایەسەیی لە نێوان هەڵاواردنی جینسیەتیو هەڵاواردنی ئێتنیکی کردو ئاماژەی بە تەوجیهی هاوشێوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی بۆ داسەپاندنی قودرەتو ئۆلگووی دەستنیشانکراو کرد، بۆ وێنە کە بۆ بەرحەق نیشاندانی هەڵاواردن کەڵکیان لێوەردەگیرێ پاراستنی خانەوادە یان یەکپارچەیی ئەرزیی وڵاتە. لە بەشێکی باسەکەیدا شەرەفکەندی ئاماژەی بە چۆنیەتیی کار بۆ بەرەنگاربوونەوەو ئەو ئالتێرناتیوانە کرد کە دەکرێ جەختیان لە سەر بکرێتەوە؛ بۆ وێنە ئایا تەنیا بە دژایەتیی دابو نەریتی کۆن بەسەندە دەکەین یان بردنەسەری ڕادەی زانیاریی کۆمەڵگا یان ورووژاندنو وەڕێخستنی جووڵانەوەیەکی فێمینیستی، ئایا بۆ کاری درێژخایەنی گۆڕینی ڕوانینی کۆمەڵگا هەوڵێکی جیددی دەدەین یان تەنیا بۆ دژایەتیی ڕێژیمو قانوونەکانی؟

لە کۆتاییدا گوڵاڵە شەرەفکەندی ئاماژەی بە گرنگیی کاری هاوبەشو هەماهەنگیی ژنانو پیاوان لەو بوارەداو هێندێک پێشنیار بۆکۆبوونەوەی ستۆکهۆڵم خستە ڕوو ئەگەر بە تەمایە لەم بوارەدا هەنگاوی بە کردەوە هەڵبگرێتەوە.

شایانی باسە کە دوای ئەو باسانەو لە کۆتاییدا بە خوێندنەوەی بەیانی کۆتایی کۆنفرانسی دووڕۆژەی ستۆکهۆڵم کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی لە بروکسێل

لە سەر بانگهێشتنی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید حەسەنپور، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیو بە هاوڕێیەتیی حەمەخانی مروەتی، ئەندامی کۆمیتەی ئەڵمانو شهریار پوویانراد ئەندامی حیزب، بەشداریان لە سێزدەهەمین کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی لە شاری برۆکسێل کرد .

سێزدەیەمین کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی لە ڕۆژانی هەینیو شەممە، ٤ تا ٥ی مانگی جۆزەردانو بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزو لایەنە سیاسیەکانو هەروەها کەسایەتیە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بەڕێوە چوو .

خالید حەسەنپوور پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بەو بۆنەیەوە پێشکێش بە کۆنگرە کرد کە تێیدا وێڕای ئاوڕێکی کورت لە بارودۆخی کوردستان، داوای سەرکەتنی بۆ کارەکانی کۆنگرە کرد.

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزب لەرەوتی کاری کۆنگرەدا توانی لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانو هەرها کەسایەتیە سیاسیەکانی بەشدار لەکۆنگرەکەدا، لەسەر مەسەلە جۆربەجۆرە سیاسیەکان ڕاوێژو ئاڵوگۆڕی بیرورا بکا .

# پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ٣٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە

زۆر بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی تایبەت ،

لە ٣٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا، بە ناوی خۆمان و ڕێبەری و سەرجەم ئاست و ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پیرۆزبایی گەرم پێشکەشی دامەزرینەران، ئێوە و سەرکردایەتیی یەکیەتییەکەتان بە گشتی، تێکۆشەرانی کۆن و نوێ و تێکڕای ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین.

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان یەک لەو هێزانەیە کە ڕۆڵ و جیگەی تایبەتیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و خەبات لە پێناوی بنیاتنانی عێراقێکی نوێ دا هەیە. ئێمە ئاواتەخوازین خەبات و تیکۆشانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پێوەندیی هاوخەباتانەی ئەم هیزە و هیزە نەتەوەیی و دیموکراتەکانی کوردستان و عێراق، هەر وا لە بەرەوپێشچوون و هەڵکشان دابێ و بە هەوڵ و تێکۆشانی هەمووان هەریمی کوردستان و عێراق، پتر بەرەو تەبایی، ئاشتی و ئاوەدانی و دیموکراسی و دابین وجێگیرکردنی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک هەنگاو بنێن.

هەر لەم یادەدا، بەڕێزەوە یادی ڕۆڵ و خەباتی شیاوی پێزانینی مام جەلال لە نیو یەکیەتیی نیشتمانی و بزووتنەوەیی نەتەوەیی کورد دا دەکەینەوە و باشتربوونی تەندروستیی بەڕیزیان بە ئاوات دەخوازین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١ی ژوئەنی ٢٠١٣**
**١١ی جۆزەردانی ٢٧١٣**

# بەرەو یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد

## ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی بەرزڕاگرتنی یادی قوربانییانی ستەمو دڕەندەیی کۆماری ئیسلامی

لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی خەباتکاری کوردستان، بە تایبەتی لاوانی شۆڕشگێڕو بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لەوپەڕی دڕندەییدا ٥٩ لاوی مەهابادیی ئێعدام کرد.

ئەوە نە یەکەمتاوانو نە دواتـاوان دژی خەڵکی کوردستان بوو. تەنانەت ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کوردستانیش، دوای ئەم تاوانە درێژەی هەبوو.

بڕیاردەرانو بەڕێوەبەرانی تاوانو جینایەت دژی خەڵکی کوردستان، هیچ کات لەسەر کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرا. بە پێچەوانەوە پلەوپایەیان لە کۆماری ئیسلامیدا چووەسەر.

بـەڵام تێپەڕینی زەمـان، ئـەم تاوانانەو خوێنی بەناحەقڕژاوی ئازادیخوازانی کوردستان، لە بیر گەلی کورد ناباتەوە. ئێستا کە بەرەو یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی دەچین با بە شێوەیەکی شیاو، یادی قوربانییانی ئەم تاوانە بکەینەوە. با یادی شەهیدانی ئەم تاوانە بەرز ڕابگرین. با لە سۆنگەی یادکردنەوەی ٥٩ لاوی شەهیدی کوردەوە، یادی هەموو قوربانییانی ستەمو دڕەندەیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بکەینەوە.

لە یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورددا، داوامان ئەوەیە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، هاوپێوەندی، یەکگرتوویی‌و شێلگیربوونی خۆیان لەسەر داواکردنی مافە نەتەوەیییەکانیان بە شێوەی جۆراوجۆر پێشان بدەنەوە. بە تایبەتی بۆ ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، پێشاندانی ماتەمینی گشتیو بەرجەستەکردنەوەی ژمارەی ٥٩و دروشمی نا بۆ ئێعدام، بۆ شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی جۆزەردانیش، ٥ دەقیقە خامۆشی لە کاتژمێر ٩ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشنیار دەکەین.

**بەرزو بەڕێزبێ یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد**
**هـەر شەکاوە بێ ئـاڵای خەبات دژی دیکتاتۆریو بندەستی لە کوردستان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٧ی جۆزەردانی ١٣٩٢**
**٢٨ی مای ٢٠١٣**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## لە پێوەندی لە گەڵ ١ی ژوئەن (ڕۆژی جیهانیی منداڵان)



**منداڵە خۆشەویستەکان!**
**ئازیزانی بەشداری ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان!**

سەرەتا لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئەم جێژنەتان لێدەکەمو هیوادارین دنیای منداڵانی کورد بە دوور بێت لە ڕەنجو مەحروومییەت.

**منداڵە چاوگەشەکان!**

لە کاتێکدا منداڵانی جیهانو منداڵانی نەتەوە ئـازادو سەربەستەکان ڕۆژی خۆیان جێژن دەگرن، کە منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان هەر لە بنـەڕەتڕا نازانن کە ئەوانیش ڕۆژێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، یان ئەگەر بشزانن لە بەر سەختیی ژیانو بارودۆخی بنەماڵەو کۆمەڵگاکەیان ناتوانن ئەو ڕۆژە بکەن بە جێژن.

ئەمڕۆکە منداڵانی بەختەوەرو ماف پارێزراوی جیهان لەکاتێکدا ڕۆژی تایبەت بە خۆیان کردۆتە جێژن کە منداڵانی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کوردستان تەنانەت لە سەرەتاییترین مافی ئینسانیو نەتەوەیی خۆیان کە خوێندنو نووسین بە زمانی زگماکییە، بێبەش کراونو تەنانەت لە پێکهێنانو بەشداریکردن لە جێژنێکی وەک ئەورۆژەشدا بێبەری کراون.

مـنـداڵان لـە هـەمـوو کۆمەڵگا ئینسانی یەکاندا بەسەرمایە پڕبایەخەکانی کۆمەڵگا دادەنرێنو وێڕای پاراستنی مافو کەسێتییان بۆ بەڕێوەبەریی داهاتووی کۆمەڵگاش پەروەردە دەکرێن، بەڵام منداڵانی کوردو سەرجەم منداڵانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا لـەو ژینگەیە بەڵکوو لە ژیانیش کە مافی بێئەملاوئەولای هەر مرۆڤێکە بێبەشن.

ئەگەر لە وڵاتانی پێگەیشتوو و دێموکراتی دنیادا یاساکانو بەها کەلتوورییەکانی کۆمەڵگا خـزمـەت بـە پــــەروەردەو گـەشـەو هـەڵـدانو پارێزراوبوونی مافی منداڵان دەکەن، لە ئێراندا ئەوە یاساکانن کە ژیانێکی تاڵو کوڵەمەرگییان بە سەر منداڵاندا سەپاندووەو بەپلەیەک نزمتریش ئـەوە بەشێکی زور لە نـۆرمو هەڵسوکەوتە کەلتووریو کۆمەڵایەتییەکانە بـزەی لە سەر لێوی منداڵان تاراندووەو ئەوانی لە گەشەو نەشە خستوە.

ئـەمـڕۆکـە مـنـداڵانـی کۆمـەڵـگـای ئێمە قوربانییانی سەرەکیی دیاردەکانی وەک هەژاریو بێکاریی سەرپەرستەکانیانن. ئەمڕۆکە شەقامەکان پڕن لەو منداڵانەی بۆ پەیداکردنی پارووەنانێک بۆ خۆیان یان خێزانەکەیان خەریکی دەستگێڕیو کاری جەستەیی قورس لە کارگەو کارخانەکانن. ئەمڕۆکە هەزاران منداڵ لەو وڵاتەکەماندا بەهۆی هەژاریو دەسکورتی بنەماڵەکانیان لە خوێندن بێبەشن یان بەنیوە چڵیو لەڕووی ناچارییەوە وازیان لێهێناوە. ئەمڕۆکە بەهەزاران منداڵ بە هۆی تاوانکارییەوە لە گرتووخانەکاندا تەمەنی منداڵییان تێپەڕ دەکەنو تێشیاندا زۆرن ئەو منداڵانەی چاوەڕوانن تا بەگەیشتنیان بەتەمەنی ١٨ساڵی بەپەتی سێدارەوە هەڵواسرێن. کە هۆکاری هـەمـووی ئـەوانـە یـاسـاو ڕێساکانی کۆماری ئیسلامییە کە خوڵقێنەری کەلتوورێکە کە منداڵی تێدا دەچەوسێندرێتەوەو لە مافە سەرەتاییەکانی منداڵی بێبەش دەکرێ.

حـیـزبـی دێـمـوکـراتـی کـوردسـتـان بە پشتبەستن بە پەیامو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە یەک لەوان گرینگیدان بە منداڵانو پاراستنی مافەکانیان بوو، وەک هەمیشە خۆی بە پشتیوانی منداڵان دەزانێو هەروەک لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا بۆی ئەرکدار کراوە، بە بایەخەوە دەڕوانێتە ئەم توێژە لەکۆمەڵگا.

**منداڵە خۆشەویستەکانی بەشداری ئەم ڕێورەسمە!**

قسە لە سەر بارودۆخی نالەباری منداڵان لە ئێرانو کوردستان زۆرە، بەڵام نامانەوێ بەو باسانە نیگەرانیی بخەینە سەر هەستو سۆزی پاکی منداڵانەتانو داواتان لێدەکەین لە دنیای بێگەردی منداڵیی خۆتانو جێژنەکەتان چێژ وەرگرن.

ڕۆژی یەکی ژوئـەن لە هەموو منداڵانی نیشتمانەکەمان پیرۆزو بەو هیوایە کە ئێمە گەورەکان بە ئەرک وەخۆگریو بەرپرسایەتیمان بتوانین پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ ئـەوان بنیات بنێێن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١ی ژوئەنی ٢٠١٣**

هەواڵ _ نۆرویژ

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە نۆرویژ بۆ پشتیوانی لە زیندانییانی سیاسیو کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد

بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیو کۆڵبەرانوکاسبکارانی کورد خۆپێشاندانێک لە نۆرویژ بە بەشداریی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستانو بەشێک لە ئێرانیو نۆرویژیو نەتەوەکانی دیکە بەڕێوەچوو .

لەو خۆپیشاندانەدا کە ڕۆژی هەینی بە دەستپێشخەریی کومیتەی کارکردن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بەڕێوەچوو، سەرەتا ڕێپێوانەکە لە ئیزگەی شەمەندەفەری ئۆسلۆ بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستانو بەرزکردنەوەی دەیان وێنەی زیندانیانی سیاسی کوردو کولبەرانو دانی دروشم بەرەو بەردەم پارلەمانی نۆرویژ دەستی پێکرد. لەکاتی ڕێپێوانەکەشدا چەند سەد [نوسخە] نووسراوە بە نۆرویژی لە سەر مەبەستەکانی خۆپیشاندانو باردوخی زیندانیانی سیاسیو کۆشتاری ڕۆژانەی کولبەران لە نێو خەڵکدا بڵاو کرایەوە، پاشان ڕێورەسمەکە لەبەردەرکی پارلەمانی نۆرویژ بە خولەکێک وەستانو بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێکرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا جەعفەر ڕەسوولی بەخێرهاتنی بەشدارانی ڕێپێوانەکەی کردو مەبەست لەم خۆپێشاندانەی بۆ بەشداربووان شی کردەوە، پاشان ز ئاکسل هاگن، ئەندامی پارلەمانی نۆرویژ لە حیزبی سوسیالیستی چەپو ئەندامی گرووپی کاری کوردان لە پارلەمانی ئەو وڵاتەو ناسێنەری کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵەکانی٢٠١١ و٢٠١٣ دا پەیامێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێپێوانەکە کرد.

ئاکسل ئاماژەی بەوە کرد کە بۆیە لەگەڵ ئەختەر چاودێری، جێگری سەرۆکی پارلمانی نۆرویژ مەحەممەد سەدیق کەبوودوەندمان بۆ سالی ٢٠١٣ کاندید کردەوە، تا لەو ڕێگایەوە دەنگی زیندانییان سیاسی– مەدەنیی کوردو زۆلملێکراویی کورد بە جیهانییان ڕابگەینین. .

دوابـەدوای قسەکانی ئەو هونەرمەند نەجمەی غوڵامی بە سروودێکی شۆڕشگێڕانە پشتیوانیی خۆی لە زیندانییانی سیاسیو کۆڵبەرانو کاسبکاران دەربڕی.

لە درێژەی بەرنامەکەدا مەحموود ئەمیری موقەددەم، بەرپرسو وتەبێژی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران باسێکی لەسەر زیندانییانی سیاسیی کوردو گەلانی دیکەی ئیران پێشکێش کردو ئامادەیی خۆی بۆ کۆمەگی زیاتر بە دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی کەیسی ئەوان دەربڕێ .

لە درێـژەی بەرنامەکەدا پەیامی کومیتەی حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سەلاح سوڵتانپەناوە پێشکەش کراو دوو هونەرمەندو گۆرانیبێژی ئەفغانیی دۆستی کورد بە گۆرانییەکی هاوبەش بەشدارییان لە بەرنامەکەدا کردو پشتیوانیی خۆیان لە گەلی کورد دەربڕی .

دواتر پەیامی کۆمیتەی هاوبەشی حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کاڕوخ باوەجانییەوە پێشکەش کراو نیشتمان حوسینی هونەرمەندو دەرهێنەری سینەمای کوردی کە لە کارکردن بۆ کۆلبەراندا چالاکیی بەرچاوی بووە، پەیامێکی لەسەر کۆلبەران پێشکەش کردو بەدوای ئەودا سۆران سەید محەممەدی، ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

شایانی باسە لەکۆتایی ڕێورەسمەکەدا کەریم ئەڵڵاوەیسی لە ڕێکخەرانی سەرەکیی خۆپێشاندانەکەو بەرپرسی کومیتەی کار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بۆ کەبوودوەند لەسەر خۆپیشاندانەکەو هەنگاوەکانیان بۆ پشتیوانی لەزیندانییانی سیاسیو کۆلبەران قسەی کرد ڕایگەیاند کە لەسەر پرسی زیندانییانی سیاسیو کولبەرانی کوردو دیپۆرتی پەنابەرانی کورد بۆ ئێران نامەیەک بۆ پارلەمانو وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ بەرێ دەکرێ.

درێژەی:

# بەیاننامە (هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی جۆزەردانی ئێران)

هەڵبژاردنی جۆزەردانی ١٣٩٢ لە ئێران هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئاڵۆزە. ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی ئەوە بووە ئەم هەڵبژاردنانە، بۆ یەکدەستکردنی هەر چی زیاتری دەسەڵات لەو ڕێژیمە دا بە کار بێنێ و ململانێی نێوخۆیی نیزامەکەش بە قازانجی خۆی یەکلا بکاتەوە. هەڵبژاردنی ئەمجارە، بۆ خەڵکێکیش کە دەنگەکانیان لـە دەیەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا لێدزرا و کاندیدا دڵخوازەکانیان دەسـبـەرکـران، هـەر وەهـا بـۆ هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی سیاسیی تا ڕادەیـەک کراوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەرچوون لەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی تووشی وڵات بووە، هەلێکی ئارەزووکراو بوو. هەر وەها بۆ ریفۆرمخوازان و قۆڵ و تاقمە ڕقەبەرەکانی دیکەی نیو ئەو نیزامەش، کە خەریکە دەخرێنە پـەراوێـزەوە، ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێک بوو بۆ هەڵسەنگاندنەوەی هێز و دیاریـکردن و قایمکردنی جێی پێی خۆیان لە شەترەنجی سیاسیی داهاتووی دەسـەڵات دا. بەڵام وەک دەبینین ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی، هەلبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماریی لە ڕێگای ڕەتکردنەوەی سەلاحیەتی زۆربـەی هـەرەزۆری کاندیداکانەوە بە جۆرێک موهەندیسیی کردوە کە نەک کاندیداکانی نزیک بە خەڵک، بەڵکوو کاندیداکانی سەر بە نیزامیش کە بڕواپێکراوی بە تەواویی شەخسی خامەنەیی نین لە مەیدانی ڕەقابەت وەلاناوە. دیارە لە پێوەندیی لە گەڵ هەڵبژاردنی شووراکانیش دا، سیاسەتی وەلانان و ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کاندیدایانەیان گرتووەتەبەر کە لە خەڵک نزیکن و تەنانەت ڕەحمیان بەو بەشە لە مۆرە و دەستوپێوەندەکانی خۆشیان نەکردوە کە بۆنی لایەنگری لە هێندێک تاقم و کەسایەتیی ڕقەبەرو ناڕازیی نێو نیزامیان لێ دێ.

حـیـزبـی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان لە هەڵبژاردنی دەورەی پێشووی سەرکۆماری دا سەرەڕای تەحریمی بەرینی هەڵبژاردن لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان و ئێران، لەو بڕوایە دابوو کە بە تەحریم نەکردنی هەڵبژاردن و هاندانی خەڵک بۆ پشتیوانی لەو کاندیدایانە کە هەڵگری بەشێک لە داخوازەکانی ئەوانن، دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بەرەورووی کێشە بـکـاتـەوە و یـارمـەتـی بـە کـرانـەوەی کەشوهەوای سیاسی بکا. لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئـەو هەڵوێستە دابـوو کە تـوانـی هاندەری هاتنەگۆڕی داخوازە نەتەوەییەکان و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان لە بەرنامەی هێندێک لە کاندیداکان و باسە سیاسییەکانی ئەو کات دابێ. ئەمجاریش سەرەڕای جیاوازیی نێوان هەلومەرجی سیاسیی ئێستا و چوارساڵ لەمەوبەری ئێران، لە چەند مانگ بەر لە هەڵبژاردنەوە قۆستنەوەی کەشوهەوای هەڵبژاردن بە قازانجی هێنانە گـۆڕی پرسی کـورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی کرد بە ئامانجی کاری سیاسی لە سەر ڕەوتەکە. هەوڵدان لەم پێناوەدا لەگەڵ پێشوازیی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی دڵسۆز لە نێوخۆی وڵاتیش بەرەوڕوو بووە. هەستیاربوونی خەڵکی کوردستان لە ئاست پرسی نەتەوەیی خۆیان و ڕوانینیان لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەڵبژاردن و کاندیداکانی سەرکۆماری، بووە بە هۆی ئەوە هێندێک لە کاندیداکانی ئەم دەورەیـەش، بە هەر مەبەستێک بووە کەمتاکورت باس لە پرسی نەتەوە بندەستەکان و هەڵاواردن وپشتگوێخرانیان لە ئێراندا بکەن. ئێمە لەم پێوەندییە دا بە چاوی ڕێـزەوە دەڕوانینە هەوڵی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی دڵسۆزی نێوخۆی وڵات و بە هەر ڕادەیەک لە سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیان لە سەر بناغەی گرنگیدان بە پرسی نەتەوەیی لە فەزای سیاسیی ئێستای کوردستان و ئێران دا خۆشحال دەبین. بەڵام وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوەندە ئاوڕدانەوەیەی کاندیداکانی سەرکۆماری لە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، زۆر بە بچووک و ناتەواو و تاکتیکی دەزانین. لە لایەکی دیکەشەوە هیچ گەرەنتی و شانسێک بۆ پارێزرانی دەنگی خەڵک نابینین و هیچ دوور نیە هەر وا کە جاری پێشوو ڕێبەری نیزام و سوپای پاسداران، سەرەڕای حوزووری دەیـان میلیۆنیی دەنـگـدەران و وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی گەورەی ریفۆرمخوازی،توانیان کەسی دەستنیشانکراوی خۆیان لە سندووقەکان بێننە دەر، ئەمجاریش ئەگەر پێویست بێ،هەمان سناریۆ دووپـات نەکەنەوە. بە سەرنجدان بە هەمووی ئەو ڕاستییانە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنی٢٤ی جۆزەردان بایکۆت دەکا.

ئێمە وێـڕای ڕێـزمـان بـۆ تەشخیش و بڕیاڕی خەڵک لە ڕووبـەڕووبـوونـەوە لە گەڵ دوو هەڵبژاردنی سـەرکـۆمـاری و شـووراکـان دا،چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بێئەوەی دەسکەوتێکیان بۆ خەڵک بە دواوە بێ، بە زیانی خەباتی ئازادیخوازیی خۆیان لە کوردستان و ئێران دەزانین. هەر لەو حالەش دا بە وریایی و هەستیارییەوە بـەدواداچـوونـی ڕووداو و ئالوگۆڕەکانی پێوەندیدار بەم هەڵبژاردنە و ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکـەیـن و بە پێی پێویست خوێندنەوە و پەیام و هەڵویستی گونجاوی خۆمان، ڕادەگەینین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٢**
**٥ی ژوئەنی ٢٠١٣**

قادر وریا: هیچ دادگایەک، هیچ مەحکەمەیەکو هیچ سیستەمێکی قەزایی نایە ٥٩ کەس کە هێندێکیان هێشتا نەگەیشتوونە تەمەنی قانوونییش، هەروا گوللەباران بکا. ئەوە ئەوپەڕی دڕندەیی نیزامێک دەگەیەنێ، ئەو پەڕی بێبەریبوونی نیزامێک لە خەڵکی وڵاتەکەی دەگەیەنێ

ئێستاش یادی ئەوانو یادی هەموو قوربانییانی ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامی هاندەری ئێمەیە بۆ ئەوەی کە لەسەر ڕێگاکەیان بەردەوام بین، بۆ ئەوەی نەهێڵین گیانی بە ناحەق ئەستێندراویانو خوێنی بەناحەقڕژاویان لەبیر بچێتەوە.

# وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورددا

## قادر وریا: ئەم تاوانانە بە تێپەڕینی زەمان لە بیر خەڵکی کوردستان ناچنەوە



### خوشک و برایانی بەڕێز! هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی بە خێرهاتننتان دەکەم بۆ بەشداری لەم کۆڕەدا. هەروەها سوپاسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکەم کە ئەم کۆڕەیان پێک هێناوە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ٥٩ لاوی کورد کە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کران.

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ٣٠ سال لەمەوبەر ٥٩ مێرمنداڵو لاو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بە حوکمی بە ناو دادگایەک لە تەورێز ئێعدام کران.

جێی خۆیەتی ئەمڕۆ کە ٣٠ سالەی ئەم یادەیە، ئێمە وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەم یادەی پێک هێناوە، هەروەها خەڵکی کوردستانو بزووتنەوەی کورد بە گشتی یادی ئەم ڕووداوە بکەینەوە.

یادکردنەوەی ئەم ڕووداوە لە چەند بارەوە پێویستە. لە پێشدا بۆ ئەوەی دڕندەیی نیزامێک، خوێنخۆربوونو خوێنڕێژبوونی نیزامێک بناسین کە لە ئێراندا لە سەر کارە. هیچ دادگایەک، هیچ مەحکەمەیەکو هیچ سیستەمێکی قەزایی نایە ٥٩ کەس کە هێندێکیان هێشتا نەگەیشتوونە تەمەنی قانوونییش، هەروا گوللەباران بکا. ئەوە ئەوپەڕی دڕندەیی نیزامێک دەگەیەنێ، ئەو پەڕی بێبەریبوونی نیزامێک لە خەڵکی وڵاتەکەی دەگەیەنێ کە ئاوا بە هاسانی ٥٩ کەس لە ڕۆڵەکانی خەڵک ئێعدام بکا بە بێ هیچ مەحکەمەیەکی دروست و حیسابی، بە بێ ئەوەی کە پارێزەریان هەبێ، بێ ئەوەی مافی داکۆکیکردن لە خۆیان هەبێ. ئەمە تاوانێکە کە هیچ کات نابێ لە بیر بچێتەوە.

لە لایەکی دیکە «تاوان» یان «جورم»ێک کە ئەو کەسانەی لە سەر ئێعدام کران، جێگای هەڵویستە لەسەرکردنە. ئەو کەسانە تاوانیان ئەوە بوو کە ئەندام یان لایەنگری حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون. بەڵام ئایا ئەندام یان لایەنگربوونی ڕێکخراوێکی سیاسی، جورمێکە یان تاوانێکە کە ئینسانی لە سەر ئێعدام بکرێ؟ بە تایبەتی حیزبو ڕیکخراوی وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێگەی لە نێودڵی خەڵکەکەیدا هەیە، هەڵگری ویستو داخوازێکی ڕەوایە. تازە ئەو ئەندامو لایەنگرانە، وا نەبوو کە کاری چەکدارانەیان کردبێ یان دەستیان لە کوشتنی کەسدا بووبێ. نا، تەنیا لە کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی ئەو کاتدا، نەیانشاردبۆوە کە لایەنگری جووڵانەوەن، لایەنگری خەباتێکی ڕەوان کە نەتەوەکەیان بەڕێوەی دەبا. بەو حاڵەش هێندێک لەوان ئەندامی هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوون. بەڵام جمهوریی ئیسلامی هەر لە بەر ئەوەی ئەوانە نەیاندەشاردەوە کە پشتیوانی جووڵانەوەی بەحەقی نەتەوەکەیانن، لایەنگری ئازادیو دیمۆکراسین، یان پشتیوانی خەباتێکن کە نەتەوەکەیان دەستی پێکردوە، بەو «تاوان»ە ئێعدامی کردن. لە ڕاستیدا تاوانی ئەوانە ئەوە بوو کە کورد بوونو کوردێکی ئازادیخواز بوونو پشتیوانی خەباتیکی ڕەوا بوون کە لە نێو نەتەوەکەیاندا هەبوو.

مەسەلەی دیکە کە لەو پێوەندییەدا جێگای وەبیرهینانەوەیە، ترسو وەحشەتێک بوو کە جمهوریی ئیسلامی لە بزووتنەوەی کوردستانی هەبوو. کۆماری ئیسلامی لە سالّی ١٣٥٨دا، کاتیک لە بەرامبەر جووڵانەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا بە چۆکدا هات، بە ڕواڵەت ڕێگای دیالۆگو وتویژی گرتەبەر بۆ ئەوەی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردو خەڵکی کوردستان بکەوێتە دیالۆگو کێشەکە بەو ڕێگایەدا چارەسەر بکەن. ئەو کات بزووتنەوەی کورد بە گشتیو بە تایبەتی لە سەرووی ئەو بزووتنەوەیەدا، د.عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، لەببەیکی بە پەیامێک گوت کە خومەینی ڕۆژی ٢٦ی خەزەلوەری ١٣٥٨ ڕایگەیاندو وای گەیاند کە خراپ لە کوردستان گەیشتوەو خراپیان حالّی کردوەو نیەتێکی ئاشتیخوازانەی هەیەو دەیەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئەو مەسەلەیە حەل بکا. ئەو وەختی ئەو دەرفەتە لە بەردەمی ئەو نیزامە هەبوو کە هاتبووە سەرکار، بەڵام دوای ماوەیەک دەرکەوت کە هەدەفیان کاتکڕینە، هەدەفیان ئەوەیە کە خۆیان سازمان بدەنەوەو جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر کوردستان. لە دەوری دووهەمی هێرش بۆ سەر کوردستاندا، خەڵکی کوردستان بەجۆرێک لە بەرانبەر لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستان کە ئەم نیزامە جارێکی دیکە ترسو وەحشەت دایگرت. هەر ئەوە نەبوو کە لە شاخو چیاکانو گوندەکان، هێزی پێشمەرگەو هێزی بەرگریی خەڵک، بەرامبەر بە لەشکری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوون. لە نێوشارەکانیش خەڵک بە موقاوەمەتو خۆڕاگرییان، بە خەباتی مەنفییان، بە هاوکارینەکردنیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، ژیانیان لە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە کردبووە جەهەننەم. ترسو وەحشەت لەو بزووتنەوەیە، لەو خۆڕاگرییە لەو هاوپێوەندییە کە لە بەینی حیزبی دیموکراتو جووڵانەوەو هێزە سیاسییەکاندا هەبوو، وای لە جەمهووریی ئیسلامی کرد بە خەیاڵی خۆی خەڵک چاوترسێن بکا. کوشتنی بە کۆمەڵی ٥٩ لاو نموونەیەک لەو ترسو وەحشەتدروستکردنە بوو بۆ ئەوەی تۆڵەی لە جووڵانەوەی کوردستان، لە خەڵکی کوردستان ستاندبێتەوە، بۆ ئەوەی بەم جۆرە فەزایەکی وەحشەت بە سەر کوردستاندا زاڵ بکاو خەڵک نەوێرن هاوکاریی بزووتنەوە بکەن.

بەڵام خۆ ئەوە یەکەم تاوان نەبوو کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵک ئەنجامی دەدا. پێشتریش چەند نموونەی ئێعدامی بە کۆمەڵ لە کوردستان هەبوون، دوای ئەو تاوانەش کە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا ڕوویدا، دیسان ئێعدامی لاوانی کوردستان، تەنانەت بە کۆمەڵیش درێژەی هەبوو. ڕەنگە بەو ژمارەیە نەبووبێ بەڵام لە گرووپی ١٥ کەسی، زیاتر یان کەمتر هەبوو. تەنانەت چەند ساڵ لەوە پێشیش لە ١٩ی بانەمەڕدا کۆمەڵێک لە لاوانی کورد بە یەکەوە ئێعدام کران. کەوابوو ئێعدامی لاوانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە درێژەی هەبووە، تاوانی دیکەش وەک کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان، لە سالانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، بە دەیان نموونە لە کوشتاری بە کۆمەڵ، لە کوشتنی خەڵکی دێهاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕووی دا.

ئەو تاوانانە بۆیە وەبیرهێنانەوەیان پێویستە تا ئێمە لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە سەیریان بکەین. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو تاوانانە تا ئێستاش نەیانتوانیوە خەڵکی کوردستان بە چۆکدا بێنن. بەردەوامبوون لە سەر داواکردنی ئازادیو هاوکاری لە گەڵ هێزی خەباتگێڕو هەوڵدان بۆ ویستو داخوازە ڕەواکان بە خۆشییەوە تا ئێستاش لە کوردستان درێژەی هەیەو خەڵکی کوردستان وازی لە ویستو داخوازەکانی خۆی نەهێناوە.

لەباریکی دیکە پێویستە ئاوڕ لەو تاوانانە بدەینەوە بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی، بە دنیاو بە هەموو شوێنێک ڕابگەیەنین کە لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی ڕووی داوەو کۆماری ئیسلامی تاوانی چۆنی ئەنجام داون! پاشان کە ئەو تاوانانە ٣٠ ساڵو هێندێکیان زیاتریان کەمتریان بە سەردا ڕابردوە، بەڕاستی کۆماری ئیسلامی هەموو ڕاستییەکانی لە بارەی ئەو تاوانانەوە بە خەڵک گوتوە؟ بۆ وێنە هەر لە مەورید ئەو ٥٩ کەسەدا، ئایا تا ئێستاش ئەو ڕێژیمە ئەوەندەی مەسئولییەت هەبووە بۆ وێنە بڵێ لە کوێی بە خاک سپاردوون؟ تەرمی ئەو قوربانییانە چیی لێکراوە؟ ئەگەر ئەوانە بەڕاست تاوانیان کردبوو بۆ چی هەموو ڕاستییەکان (لە بارەی ئەوانەوە) دەشارێتەوە؟ بۆ نالێ چۆن محاکمە کران؟ تاوانەکانیان چبوو؟ ئەگەر نا لە ئیرادەی ئەو ڕێژیمە بەدەر بووە، تاقمیک لە نێو نیزامەکەدا کردوویانە ، ئەوانە کێن؟ بۆ تا ئیستا سزا نەدراون؟ بۆ نەناسێندراون؟ بۆچی لەو ڕێژیمەدا پلەو مەقامیان بەرزبۆتەوەو هەر ئێستاش دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیان بە دەستەوەیە؟!

خەڵکی ئێمەو هێزە سیاسییەکان دەبێ بەردەوام لە بیری وروژاندنی ئەو جۆرە باسانەدا بن. دەبێ ئەو تاوانانە وەبیر بێننەوە، بۆ ئەوەی ڕێژیم پێی وانەبێ بە تێپەڕینی زەمان ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون، لە بیر چوونەوە. حەقی بێ ئەملاولای خەڵکی کوردستانە لەم بۆنانەدا لە یادەکانیاندا ئەو پرسیارانە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە، بە ناڕەزایەتی دەربڕینو بە نیشاندانی بێزاری لەو تاوانانە، بە وەفاداری بۆ شەهیدەکانمان ئەو پرسیارانە دووپات بکەنەوە کە ئەو تاوانانە لە پێناوی چیدا ئەنجام دران؟ عامیلانی ئەو تاوانانە بۆ هیچ کات محاکمە نەکران؟ بۆچی هەموو ڕاستییەکان لە بارەی ئەو تاوانانەوە ئاشکرا ناکرێن؟

بۆیە ئێمە ئەمساڵ کە٣٠ ساڵەی ئەو تاوانە بوو بە دەرفەتمان زانی بە خەڵکی خۆمان بڵێین لەو یادەدا بێنە سەر خەتو ئەو ڕووداوانە باش وەبیر بێننەوە. یادی ئەو شەهیدانەو هەموو قوربانییانی ستەمی کۆماری ئیسلامی بەرز ڕابگرن، هەڵویستە لە سەر ئەم تاوانانە بکەن بۆ ئەوەی هەروا بە هاسانی لەبیر نەچنەوە. بۆ ئەوەی هیچ ڕێژیمێک لە داهاتوودا نەتوانێ لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەم شێوەیە عەمەل بکا.

من لە دەرفەت کەڵک وەردەگرمو وێڕای ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، سڵاوو ڕێز دەنێرم بۆ گیانی هەموو قوربانییانی ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامی، بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەناحەق لە لایەن ئەو ڕیژیمەوە ئێعدام کراون، بە ناحەق گیانیان لێ ئەستێندراوە، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە خەباتێکی ڕەواو شۆڕشگێڕانە لە گەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان لێئەستیندراوە. هەروەها پێمخۆشە وەکوو وەبیرهێنانەوە سڵاو بنێرم بۆ ئەو تێکۆشەرانە کە ئەو کاتەی ئەو تاوانە ڕوویدا بە دوکانو بازارداخستن لە شاری مەهابادو هەروەها بە عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەو خەباتگێڕانەی هێزی پێشمەرگە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ویستیان بە کۆماری ئیسلامی بڵێن کە بە ستاندنی گیانی لاوەکانمان ناتوانن ئیرادەی ئێمە بە چۆکدا بێنن.



**ئەگەر ئەوانە بەڕاست تاوانیان کردبوو بۆ چی هەموو ڕاستییەکان (لە بارەی ئەوانەوە) دەشارێتەوە؟ بۆ نالێ چۆن محاکمە کران؟ تاوانەکانیان چبوو؟ ئەگەر نا لە ئیرادەی ئەو ڕێژیمە بەدەر بووە، تاقمیک لە نێو نیزامەکەدا کردوویانە ، ئەوانە کێن؟ بۆ تا ئیستا سزا نەدراون؟ بۆ نەناسێندراون؟ بۆچی لەو ڕێژیمەدا پلەو مەقامیان بەرزبۆتەوەو هەر ئێستاش دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیان بە دەستەوەیە؟!**

ناتوانن ئێمە ناچار بکەن کە دەست لە ویستو داخوازەکانمان هەڵ بگرین. ئەو کات خوێنی ئەو شەهیدانە نەک خەڵکی کوردستانی لە خەباتو تێکۆشان سارد نەکردەوە، ورەو ئیرادەو ئیلهامی دا بە تێکۆشەران، بە شۆڕشگێڕان، بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی شێلگیرانەتر دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن.

ئێستاش یادی ئەوانو یادی هەموو قوربانییانی ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامی هاندەری ئێمەیە بۆ ئەوەی کە لەسەر ڕێگاکەیان بەردەوام بین، بۆ ئەوەی نەهێڵین گیانی بە ناحەق ئەستێندراویانو خوێنی بەناحەقڕژاویان لەبیر بچێتەوە. بۆ ئەوەی کە بڵێین تێپەڕینی زەمان ماهیەتی ئەو نیزامەی کە ئێستا لە ئێران لەسەر کارە لە بیر ئێمە ناباتەوەو تا ئەو ڕۆژەی ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان دێنە دی لەسەر خەبات بەردەوام دەبین.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو شەهیدانە دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵبژاردنی سەرکۆماریو بەرەو هەڵبژاردنی شووراکانی شارو لادێ دەچێ، لەم ماوەیەدا ڕەنگە جاروبار ئەو پرسیارە هاتبێتە گۆڕێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە تا ئێستا شتێکی نەگوتوە، ئەمن دەمهەوێ بڵێم کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە نە بێدەنگ بووەو نە بێ تەفاوەت بووە، چونکە لەگەڵ ئەوەی هەموومان شناختمان لەسەر ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامیو لەسەر سیستەمی هەڵبژاردنەکانی هەیە، بەڵام ئێمە بە ئەزموونێک کە لە سالانی ڕابردووشو لە دەورەکانی پێشووش هەمانبووە، پێمان وابووە هەڵبژاردن دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئێمە قسەی خۆمان لەگەڵ خەڵکەکەمان بکەین بۆ ئەوەی خەڵکەکەمان بتوانێ قسەی خۆی بگەیەنێتە ئەوانەی کە لەم نیزامەدا دەیانەوێ مەسئوولیەت بگرنە ئەستۆی خۆیانو وەکوو سەرکۆمارو یان وەکوو کاربەدەستی دیکە دەربکەون. هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە لەم دەرفەتانەدا خەڵکی کوردستان بڵێن لەگەڵ نیزامێک، لەگەڵ کاندیدایەک کە بێتەفاوەت بێ لە بەرانبەر ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان تەکلیفی ڕوونە. خەڵکی کوردستان لەو فورسەتانەدا ویستو داخوازەکانی خۆیان تەرح دەکەن. دەڵێن ئێمە خاوەنی خەباتێکی دوورو درێژین لە پێناوی ویستو داخوازە ڕەواکانی خۆماندا. ئەگەر سەرکۆمارێک، کاندیدایەک، نیزامێک لەم ویستو داخوازانە کە ئەم هەموو قوربانییەمان لە پێناویدا داوە بێ تەفاوەت بن، هەڵبژاردن مانایەکی نیە. بۆیە هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە بە جۆرێک ئەو پەیامە بگەیەنین بە خەڵکەکەمان، بە کەسانێک کە دەیانەوێ لە کەشو هەوای هەڵبژاردندا قسەیەک بکەن، بڵێین ئێوە لەو فورسەتانە کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی پەیامی خۆتان، هەڵوێستی خۆتان ڕابگەیەنن. لە داهاتوویەکی نیزیکدا بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستی یەکجاریی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردندا ڕادەگەیەنێ بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە ئەسڵو ئەساس بووە ئەوەیە کە بتوانین ئەوەندەی مومکینە تەئسیر دابنێین لەسەر کەشو هەوایەک کە لە سەروبەندی هەڵبژاردندا دێتە گۆڕێو بە خەڵکەکەی خۆمان، بە کەسانێک کە لە نێوخۆی وڵات هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە لە شەرایەتێک کەهەیە حەدی ئەقەلی ئیستفادە بکەن، ئەو پەیامە بگەیەنین کە خەڵکی کوردستان شەممی سیاسییان هەیە، ئەزموونی سیاسییان هەیەو هەوڵ دەدەن لەم جۆرە دەرفەتانە بۆ تەرحکردنی ویستو داخوازەکانی خۆیان ئیستفادە بکەن.

جارێکی دیکە ڕێزو سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢و هەموو شەهیدانو هەموو قوربانییانی ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامی.

بەردەوامی بۆ ڕێگاکەیان، دیسان سڵاوو ڕێز بۆ ئێوە کە لەم یادەدا بەشدار بوونو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یادی ئەو شەهیدانە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەرز ڕادەگرن.

سەرکەوتوو بن.

دوکتور ڕەحیمی فەرەهمەند، سکرتێری بەرەی یەکگرتووی کورد لە تاران لە لێدوانێکی تایبەت دا بۆ «کوردستان»، سیستمی شووڕا بە جۆرێک لە خودموختاری پێناسە دەکا کە خەڵکی شارو دێیەکانی کوردستان دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە خۆیان کاروباری ئیداریی خۆیان بەڕێوە بەرن. ناوبراو دەڵی:»بەشداری لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگادا خەڵک لە تایبەتمەندیو کێشەکانی کۆمەڵگا ئاگادار دەکاتەوەو فێری خۆبەڕێوەبەریان دەکا».

دوکتور ڕەحیم فەرەهمەند پێی وایە سەرەڕای ئەوە کە ڕێژیم دەسەڵاتی شووڕاکانی زۆر بەرتەسک کردۆتەوە، بەڵام شووڕاکان لە سێ دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵە کارێکی باشیان کردوە کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە فەرق دەکا. ناولێنانی کۆڵانو شەقامەکانی کوردستان بە ناوی شاعیرانو گەورە هەڵکەوتووانی کوردو هەروەها سازکردنی دەرفەتی کار بۆ لاوانی کوردستان و ڕاگەیشتن بە شارەکان لە ڕووی جوانکاریو پاراستنی گەلێک کانگای ژێرزەمینییەوە، لەو ڕیزە کارانەن کە فەرەهمەند پێی وایە شووڕاکان هەوڵیان بۆ داون

# کوردو هەڵبژاردنی شووڕاکان

ئامادەکردنی: سمایل شەرەفی

ئاماژە:

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووڕاکانی شارو دێی ئەم جارەدا، زۆر لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆی وڵات پێیان وابوو کە پێویستە بە ڕوانگەیەکی جیاواز لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری بڕوانرێتە هەڵبژاردنی شووڕاکان. بۆ ئەم مەبەستە «کوردستان» بە ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێکی مەیدانیو وەرگرتنی بیروبۆچوونی ٥ کەس لە چالاکانی نێوخۆو دەرەوەی وڵات* ئەم پرسەی تاوتوێ کردوە.



ڕەحیم فەرەهمەند

**ڕەحیم فەرەهمەند** (سکرتێری بەرەی یەکگرتووی کورد) لە تاران، عەبدوڵڵا سۆهرابی (نوێنەری پێشووی شاری مەریوان لە پارلمانی ئێران)، عوبەید زارعی (چالاکی خوێندکاریو کاندیدی ڕەدیسەلاحیەتکراو بۆ شووڕای شاری مەریوان)، عارف نادری (بەرپرسی پێشووی شووڕای شاری قوڕوە)و شەماڵ هەڵمەت (چالاکی سیاسی لە شاری مهاباد).

****

هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێ لە کوردستان بە جیاواز لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری سەیری دەکرێ. هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووڕاکان‌دا هەوڵیان داوە بە دوو هەڵسەنگاندنی جیاوازەوە ڕوانگەکانیان بخەنە ڕوو. چالاکانی نێوخۆی کوردستانیش بە جورئەتێکی زیاترەوە ڕاوبۆچوونەکانیان لەم پێوەندییەدا دێننە گۆڕێو زۆربەیان ڕاشکاوانە بە «رویکرد»ی بەشدارییەوە پرسی هەلبژاردنی شووڕاکان هەڵدەسەنگێنن.

بوونی شووڕا لە بەڕێوەبەریی شارو دێهاتەکانی کوردستان‌دا یەکێک لەو پرسە کۆمەڵایەتییانەیە کە بە شێوەی کاتی لە شێوەی پرۆسەی هەڵبژاردن‌دا بۆ خەڵکی کوردستان جێی سەرنجو گرنگیپێدانەو لە ڕووی درێژخایەنیشەوە زیاتر پێوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکو بەڕێوەبەریی شارو دێهاتەکانەوە هەیە.

هێندیک لە چالاکانی نێوخۆی وڵات بوونی شووڕا لە سیستمی بەڕێوەبردنی شارو دێیەکانی کوردستان‌دا

**«شەماڵ هەڵمەت» بە ئاماژەدان بە ئەسڵی «دەسەڵاتی خەڵک بەسەر خەڵک»دا لە چەمکی دێموکراسیدا، پێی وایە شووڕای بەڕێوەبەریی شارو دێهاتەکان ئامیانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکو مەدەنییە**

بە پێویست دەزانن‌و بە سەرەتای پرۆسەی «دەسەڵاتی خەڵکی»ی ناو دەبەن.

دوکتور ڕەحیمی فەرەهمەند، سکرتێری بەرەی یەکگرتووی کورد لە تاران لە لێدوانێکی تایبەت دا بۆ «کوردستان»، سیستمی شووڕا بە جۆرێک لە خودموختاری پێناسە دەکا کە خەڵکی شارو دێیەکانی کوردستان دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە خۆیان کاروباری ئیداریی خۆیان بەڕێوە بەرن. ناوبراو دەڵی:»بەشداری لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگادا خەڵک لە تایبەتمەندیو کێشەکانی کۆمەڵگا ئاگادار دەکاتەوەو فێری خۆبەڕێوەبەرییان دەکا».

**عوبەید زارعی**، کاندیدی ڕەدیسەلاحییەتکراوی شووڕای شاری مەریوان، بوونی



عەبدوڵڵا سۆهرابی

شووڕا لەشارو گوندەکان بە پێویست دەزانێو پێی وایە شووڕاکان دەتوانن ڕۆڵی کارگەیەکی فەرهەنگسازی لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بگێڕن.

هەر لەم پێوەندییەدا چالاکیکی دیکەی نێوخۆی وڵات بە ناوی خوازراوی «شەماڵ هەڵمەت» بە ئاماژەدان بە ئەسڵی «دەسەڵاتی خەڵک بەسەر خەڵک»دا لە چەمکی دێموکراسیدا، پێی وایە شووڕای بەڕێوەبەریی شارو دێهاتەکان ئامیانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکو مەدەنییە. ناوبراو بە ئاماژەدان بە پرسی شووڕا لە بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا، باس لە ئەزموونی سیستمی شووڕا لەو سەردەمەدا دەکا کە بە مودیرییەتی دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات، ئەزموونێکی پڕدەسکەوت بووە.

بانگەشەی چالاکانی نێوخۆی وڵات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی شووڕاکان‌دا بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە زیاتر باس لە بایکۆتکردنی دەکرێ، کۆمەڵێک پرسیاری جیددیی ساز کردوە کە سەرەکیترینیان ئامانجی بەشداریکردنەکەیە.

**عەبدوڵڵا سۆهرابی**، نوێنەری پێشووی شاری مەریوان لە پارلمانی ئێران پێی وایە بایکۆتی هەڵبژاردنی شووڕاکان دەرفەت بۆ کەسانی خۆفرۆشو ناشارەزا دەرەخسێنێ کە بۆ ماوەی چەند ساڵ دەسەڵات بەسەر خەڵکدا بکەن. ناوبراو لەم پێوەندییەدا بە «کوردستان»ی گوت: خەڵک بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی شووڕاکان‌دا دەتوانن پێش لەدەسەڵاتی کەسانی نەفس‌نزمو چاوچنۆک بگرنو خەڵکی باشو دەروەستو جێی باوەڕی خۆیان هەڵبژێرن.

**عارف نادری**، ئەندامی پێشووی شووڕای شاری قوڕوە، کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە، شووڕاکان بە باشترین ئێن.جی.ئۆ و کەرەستەی مەدەنی بۆ نەتەوە بندەستەکان لە ئێران دەزانێو بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنانەدا بە ئەرکێکی نەتەوەیی ــ مەدەنی دادەنێ. ناوبراو لەم پێوەندییەدا بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی بۆ «کوردستان» خستە ڕوو:» من شووڕاکان بە هەڵێکی هەرە بچووک بەڵام زێڕین بۆ نەتەوەکان دەزانم کە بۆ پاراستنی هەرێمەکانیان لە سیاسەتە کاوڵکارانەکانی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەربگرن. چونکە شووڕاکان بە جۆرێک لە جۆرەکان؛ بەڕێوەبەری باژێرن، کە هەم لە خودی ئەو خەڵکەنو هەمیش لە ژێر چاوەدێریی ڕۆژانەو ڕاستەخۆی خەڵکەکەدان. ئەوان بە ڕادەیەکی بەرتەسک توانای یاسادانانیان هەیە، دەتوانن پێش لە گەندەڵییەکانی نوێنەرانی دەسەڵات لە شارەکان‌دا بگرن، دەتوانن لە بواری گەشەپێدانی مرۆڤییەوە بەستێن‌سازی بکەنو پەرە بە کەلتووری شارنشینی بدەنو شارەکان لە هێندێک بواردا ڕادەستی خەڵک بکەنەوە. سەرچاوە ژێرزەوینییەکان

**هێندێک لە شارو ناوچەکانی کوردستان دوو نەتەوەی کوردو تورکیان تێدا دەژین کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی هەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەم چالاکانی نێوخۆش پێیان وایە هەڵبژاردنی شووڕاکان لەم ناوچانەی کوردستان دەکرێ هەڵسەنگاندنێکی جیاوازتری بۆ بکرێ. لەم پێوەندییەدا عارف نادری شاری قوڕوە بە نموونە دێنێتەوە کە دوو نەتەوەی تورکو کوردی تێدا دەژینو دەڵێ:» زیاتر لە ١٥ شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەی چەند نەتەوەییان هەیە**



عوبەید زارعی

لە تاڵانی ڕەها بپارێزنو قانوونو چاوەدێری بە سەر کاروبارەکان‌دا زاڵ بکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین کەڵکوەرنەگرتن لە شووڕاکانو خاڵیکردنی مەیدانەکە بۆ مانۆڕدانی دەسەڵاتو کەسانی سەربەدەسەڵات؛ خزمەتکردن بە کۆماری ئیسلامیو خراپە بەرانبەر بەو خەڵکەیە».

سەرەڕای لادرانی لە کاندیدبوون بۆ شووڕای شاری مەریوان، عوبەید زارعی پێداگری لە سەر بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی شووڕاکان‌دا دەکاو

**عەبدوڵڵا سۆهرابی، نوێنەری پێشووی شاری مەریوان لە پارلمانی ئێران پێی وایە بایکۆتی هەڵبژاردنی شووڕاکان دەرفەت بۆ کەسانی خۆفرۆشو ناشارەزا دەرەخسێنێ کە بۆ ماوەی چەند ساڵ دەسەڵات بەسەر خەڵکدا بکەن.**

پێی وایە لە ڕابردوودا بە هۆی بەشدارینەکردنی خەڵکەوە، کەسانی بەرژەوەندیخوازو ناسالم دەسەڵاتی شووڕاکانیان گرتۆتە دەستو لە هەموو ڕوویەکەوە زیانێکیان بە شارو دێیەکانی کوردستان گەیاندوە کە قەرەبوو کردنەوەیان کاتێکی زۆری دەوێ.

ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵو پێگەی شووڕاکان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان‌دا یەکیک لەو هۆکارانەیە کە زۆر لە چالاکانی نێوخۆی کوردستانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بانگەشە بۆ بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنی شووڕاکان‌دا بکەن.

لەم پێوەندییەدا دوکتور ڕەحیم فەرەهمەند پێی وایە سەرەڕای ئەوە کە ڕێژیم دەسەڵاتی شووڕاکانی زۆر بەرتەسک کردۆتەوە، بەڵام شووڕاکان لە سێ دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵە کارێکی باشیان کردوە کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە فەرق دەکا. ناولێنانی کۆڵانو شەقامەکانی کوردستان بە ناوی شاعیرانو گەورە هەڵکەوتووانی کوردو هەروەها سازکردنی دەرفەتی کار بۆ لاوانی کوردستان و ڕاگەیشتن بە شارەکان لە ڕووی جوانکاریو پاراستنی گەلێک کانگای ژێرزەمینییەوە، لەو ڕیزە کارانەن کە فەرەهمەند پێی وایە شووڕاکان هەوڵیان بۆ داون. ناوبراو وەدەستهێنانی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرییش بە دەسکەوتێکی دیکەی شووڕاکان دەزانێ.

لەم پێوەندییەدا ئەندامی پیشووی شووڕای شاری قوڕوە، عارف نادری دەڵێ:» بوونی شووڕاکان یارمەتیدەر بووە کە بە شێوەیەکی بەرتەسک شارەکان سیمایەکی کوردستانیتر بە خۆیانەوە بگرن، ئێستا چبە ناونانی شەقامێک بووبێ یان دانانی پەیکەرێک.



عارف نادری

**عومەر باڵەکی: لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت دابەشکردنی دەسەڵات هەیە، هیچ کام لە دەسەڵاتەکان خۆیان سەرچاوەی دەسەڵات نین‌و هەرلەو کاتەدا بەرامبەر بە خەڵکیش خۆیان بە بەرپرسیار نازانن، چونکە سەرچاوەی دەسەڵات لەلای ڕێبەرەو ئەوە ڕێبەرە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرکۆمارو سەرۆکی دەزگای دادوەری‌و ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەستنیشان دەکا کاروباریان کۆنترۆڵ دەکا.**

# پێگەی سەرکۆمار لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا



عومەر باڵەکی

لە نیزامە دێموکراتیکەکان‌دا دابەش‌کردنی دەسەڵات بە تەواوی پێڕەو دەکرێ. سەرۆکی هەر کام لە دەسەڵاتەکانی «قانون دانان»، «بەڕێوەبەری»و «دادوەری» جێگەوپێگەی خۆیان هەیەو ئەندامانی هەر کامیان لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. هەر بۆیە لە بەرامبەر خەڵکیش‌دا بەرپرسیارن‌و بەرژەوەندیی خەڵکو وڵاتی خۆیان لەلا گرنگو پڕ بایەخە.

بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت دابەش‌کردنی دەسەڵات هەیە، هیچ کام لە دەسەڵاتەکان خۆیان سەرچاوەی دەسەڵات نین‌و هەرلەو کاتەدا بەرامبەر بە خەڵکیش خۆیان بە بەرپرسیار نازانن، چونکە سەرچاوەی دەسەڵات لەلای ڕێبەرەو ئەوە ڕێبەرە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرکۆمارو سەرۆکی دەزگای دادوەری‌و ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەستنیشان دەکا کاروباریان کۆنترۆڵ دەکا.

هەر بۆیە ئەوانە خۆیان لە بەرامبەر ڕێبەردا بە بەرپرسیار دەزانن چونکە ڕێبەر بەپێی بڕگەو بەندەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران خاوەنی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌یە.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە چەند بڕگەو مادەی قانوونی بنەڕەتی لێرەدا باس دەکەین کە پێگەی سەرکۆمار لە ژێر سێبەری ڕێبەردا دیاری دەکەن.

بەپێی مادەی ١١٣ لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران، سەرکۆمار دوای ڕێبەر لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا بەرزترین پلەی ڕەسمی‌یە لە حاڵێک‌دا لە هەموو سیستمێکی کۆماری‌دا سەرکۆمار یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی‌یە. هەروەها لە مادەو بڕگەکانی دیکەی قانوونی بنەڕەتیی ئێران‌دا کە باس لە سەرکۆمار دەکا لە زۆربەیان‌دا سەرکۆمار لە بەرامبەر ڕێبەردا بە وەڵامدەر دەزانێ‌و تەنانەت لەو کاتەدا کە هەڵبژاردنی ڕواڵەتیی سەرکۆماری کۆتایی پێ‌دێ‌و لەلایەن شووڕای نیگابان‌و وەزارەتی نێوخۆ «کشور»ەوە سەرکەوتنی کەسێک بەناوی سەرکۆمار ڕادەگەیەندرێ، تەنیا کاتێک دەتوانێ پۆستی سەرکۆمار لە سەرکۆماری پێشوو وەربگرێ کە بە پێی مادەی ١١٠ فەقەرە ٩ لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران ڕێبەر حوکمەکەی ئیمزا بکا بەو مانایە کە سەرکۆمار ڕابسپێردرێ بۆ پێکهێنانی دەوڵەت.

هەر لە مادەی ١١٠ فەقەرە ١٠دا هاتوە کە ڕێبەر دەسەڵاتی هەیە سەرکۆمار لە دەسەڵات لابدا. یان مادەی ١٣٠ لە قانوونی بنەڕەتی باس لەوە دەکا کە سەرکۆمار دەبێ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە ڕێبەر بکاو ئەوە ڕێبەرە کە لێی قبووڵ دەکا یان نا؟و تەنانەت لە مادەی ٨٩ فەقەرە ٢دا باس لەوە کراوە کە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەتوانێ متمانە لە سەرکۆمار وەربگرێتەوە،بەڵام بەڕێوەچوونی ئەو مادەیەی پێوەندی داوەتەوە بە بەندی ١٠ لە مادەی ١١٠ کە دەسەڵاتی ڕێبەری تێدا دەستنیشان کراوە.


مادەی ١٣١ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران‌دا باس لە هەلومەرجێک دەکا کە دەوڵەت سەرۆکی نیە واتە پۆستی سەرکۆمار بەتاڵەو لەو حاڵەتەدا ڕێبەر دەسەڵاتی هەیە کە جێگری یەکەمی سەرکۆمار دەستنیشان بکا بۆ ڕاپەراندنی ئەرکی سەرکۆمارو لە حاڵەتێک‌دا سەرکۆمار جێگری یەکەمی نەبێ، ڕێبەر راستەوخۆ کەسێک دیاری دەکا بێ ئەوە پرس بە مەجلیس یان شووڕای نیگابان یان دامەزراوەیەکی دیکەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکا.



بە باس‌کردنی ئەو چەند مادەیە لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە سەرکۆمار تەنیا ناوی هەیەو نێوەرۆکی نیەو ئەو کەسەی بەناوی سەرکۆمار بەڕێوەبەری پۆستی ئیجرایی ئێرانە لە ڕاستی‌دا سەرۆکی وەزیرانە کە لەلایەن ڕێبەرەوە ڕادەسپێردرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزیران‌و ئەو ئاکامە وەردەگرین کە هەڵبژاردنی سەرکۆماری تەنیا بەو مەبەستەیە کە ئاپۆرای خەڵک لە حەوزەکانی دەنگدان دیار بێ‌و ڕێبەر بە دنیا بڵێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێرانی لە پشتە.

درێژەی:

# کوردو هەڵبژاردنی شووڕاکان



شەماڵ کاوە

هەروەها هەبوونی شووڕاکان زۆر تاکی کوردی لەم ساڵانەدا فێری شێوازی بەڕێوەبەری‌و کارگێڕیی شاری کرد، کە زۆرلەو کەسانە ئیستاو لە داهاتوودا دەتوانن، بەسوود بن. بە گشتی دەتوانین ئەوە بڵێین کە شووڕاکان وێڕای ئەوەی زیاتر خاوەنی خاڵی ڕەش‌و ئەزموونی ناکارامەن لەم ساڵانەدا؛ بەڵام هەنگاوێک بۆ پێشەوەن‌و لە خۆگری خزمەت بوون‌و دەتوانن بیش‌بن، ئەگەرچی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییش‌دا بێ.»

هێندێک لە شارو ناوچەکانی کوردستان دوو نەتەوەی کوردو تورکیان تێدا دەژین کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی هەم هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەم چالاکانی نێوخۆش پێیان وایە هەڵبژاردنی شووڕاکان لەم ناوچانەی کوردستان دەکرێ هەڵسەنگاندنێکی جیاوازتری بۆ بکرێ. لەم پێوەندی‌یەدا عارف نادری شاری قوڕوە بە نموونە دێنێتەوە کە دوو نەتەوەی تورک‌و کوردی تێدا دەژین‌و دەڵێ:» زیاتر لە ١٥ شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەی چەند نەتەوەیی‌یان هەیە. لەم شارانەدا کوردەکان لە بواری بەڕێوەبەریی شاری‌یەوە بە بەراورد لە گەڵ شارەکانی دیکەدا، پەراوێزخراوترو بێ‌دەسەڵاتترن. پێکهاتنی شووڕاکان ئەو یارمەتی‌یەی دا کە لە هێندێک لەو شارانەدا وێڕای هەموو کۆسپەکانیش ئاڵوگۆڕێکی باش بێتە ئاراوە. بۆ نموونە لە قوڕوە، تا پێش بەشداربوونی کوردەکان، شووڕاکان ناکوردو تەنانەت دژە کورد بوون‌و چەند گەڕەکی کوردنشین بە تەواوی بێبەش لە خزمەتگوزاری بوون. بەڵام بوونی شووڕا بوو بە ئامیانی ئەوەی کە خێراتر ناسنامەی کوردستانیی شارەکە بگەڕێتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم‌دا، لە ٧ ئەندامەکە، ٥ی تورک و ٢ی کورد بوون، لە دووهەم‌دا، ٣ تورک و ٤ کورد، لە سێهەم‌دا بوو بە ٦ کورد و ١ تورک. بەدرێژایی ئەم ساڵانە، شارەدارەکان کورد بوون‌و لە شووڕای دووهەمەوە، کۆبوونەوەکانی شوورا بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن‌و هەوڵدراوە خزمەتگوزارییەکان دادپەروەرانە لە گەڕەکەکان‌دا دابەش بکرێن.»

هەر لەم پێوەندی‌یەدا شەماڵ هەڵمەت بە ئاماژەدان بە گرنگیی ئامارو حەشیمەت کە دەتوانێ گەلێک لە کێشە هەڵپەسێراوەکان چارەسەر بکا، پێی وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی تێکدانی هاوسەنگی بە قازانجی پیلانەکانی خۆی، خەریکی گۆڕینی دێموگرافیی ئەو ناوچانەی کوردستانەو پێلە سەر ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی درێژخایەن بۆ بەکوردستانی‌هێشتنەوەی ئەو جۆرە ناوچانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




دادەگرێ.

**عەبدوڵڵا سۆهرابی** بە ئاماژەدان بە زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووریی نەتەوەکانی دیکە بەسەر کورددا، پێ لە سەر بەشداریی لانی زۆری کوردەکانی ئەم ناوچانە لە هەڵبژاردنی شووڕاکان دادەگرێ.

### قسەی کۆتایی:

چەند ساڵێکە هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد باس‌و جەخت لە سەر خەباتی مەدەنی دەکەنەوەو لەمبارەشەوە پشت بە ئۆرگانیزەکردنی خەڵکو دامەزراندنی ئین جی ئۆکان دەبەستن. بەم پێیە ئەگەر ڕێکخراوێکی مۆڵەت‌دراو لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەتوانێ وەکوو کەرەستەیەک بۆ بەهێزکردنی شارۆمەندان ڕۆڵ بگێڕێ، پێویستە بگوترێ کە شووڕاکانیش لە واقیع‌دا نادەوڵەتین‌و ئین جی ئۆیەکی گەورەن کە دەتوانین وەکوو پارلمانێکی بچووک‌و بەرتەسک لە پارێزگاکان، ناوچەکان‌و شارەکان‌دا ناویان بەرین کە لە خودی ئەو خەڵکە پێک دێن، لە پێوەندیی ڕۆژانەو ڕاستەوخۆ بە خودی ئەو خەڵکەدان‌و دەتوانرێ بە ئاسانییش لەژێر چاوەدێریی ئەو خەڵکەدا بن.

لە ئاقارێکی دیکەوە، ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ڕۆڵگێڕان لە هەڵبژاردنەکانی شووڕاکان‌دا، چالێش بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکەین، ئاستی وشیاریی خەڵک لە سەر مافەکانیان‌و سیستمی بەڕێوەبەریی شاری‌و شوینی نیشتەجێ‌بوونیان ببەینە سەرەوە، ئاگایی‌یەک کە ئاخێزگەی جمان، داخوازی، هەستیاری‌و هەبوونیکی ئەکتیڤانەیە.

کوردستان
ژماره: ٦٠٩
١٦ی جۆزه‌ردانی ١٣٩٢
٦ی ژوئه‌نی ٢٠١٣

ژنانی ئێران نه‌ک ئێستا به‌ڵکوو له‌یه‌که‌م ڕۆژی هاتنه‌سه‌رکاری ئه‌و ڕێژیمه‌وه وڵامی خۆیان له‌و ده‌سه‌ڵاته وه‌رگرت که ئه‌وله‌وییه‌تی کاری ژن‌و مه‌یدانی کاری ژن، ماڵه‌وه‌یه‌و خزمه‌ت به ماڵ‌و منداڵ‌و مێرده! به‌ڵام ئه‌وه‌ش بڵێین که ژنان له ماوه‌ی ئه‌و ٣٥ ساڵه‌دا به‌ڕاستی کۆماری ئیسلامی‌یان وه‌زاڵه هێناوه.

کوێستان فتووحی: یه‌کێک له تایبه‌تمه‌ندی‌یه سه‌ره‌کی‌یه‌کانی ئه‌ر ڕێژیمه‌و ئه‌و سیسته‌مه ئیستبدادی‌یه‌یه که ژنی له باری عه‌قڵه‌وه پێ ئینسانێکی (ته‌واو) نیه. ئه‌وه به ڕوونی له هه‌موو قانوون‌و عورف‌و ڕێسایه‌کی ئه‌و ڕێژیمه‌دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌و، به ناوی ئیسلامی‌بوون ڕه‌سمه‌ن ڕێگه‌ی به‌رابه‌ریی ژن‌و پیاوی گرتوه

# ژنان‌و هه‌ڵبژاردنی سه‌رکۆماری له ئێران!

کوێستان فتوحی

ژنان یه‌که‌مین قوربانی‌یانی شۆڕشێکی جه‌ماوه‌ری له ئێران بوون که ئیسلامی‌یه‌کان به ته‌نیا خۆیان کرده خاوه‌نی. به هاتنه‌سه‌رکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گرووپ‌و لایه‌ن‌و نه‌ته‌وه‌ی ئێران بوون به قوربانیی سیاسه‌تی سه‌رکوت‌و هه‌ڵاواردن. به‌ڵام به‌بێ‌شک ژنان گه‌وره‌ترین قوربانی‌یانی ئه‌و شۆڕشه به فیرۆچووه بوون که ساڵی ١٣٥٧ له دژی ڕێژیمی پاشایه‌تی کرا. چیرۆکی چه‌وساندنه‌وه‌و سووکایه‌تی‌کردن به ژنان له ئێرانی ژێر سایه‌ی حاکمییه‌تی کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامی له ماوه‌ی زیاتر له سێ‌ده‌یه ده‌سه‌ڵاتداری‌دا، یه‌کێک له لاپه‌ڕه هه‌ره تاریکه‌کانی کارنامه‌ی ئه‌و ڕێژیمه‌یه.

له وڵاتانی دواکه‌وتوودا به‌پێی ره‌سم‌و ڕێسای له‌مێژینه، هێزو توانا وه‌ک تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌کی پیاوانه چاو لێ‌ده‌کرێ، بۆیه بواری سیاسه‌تیش به به‌ژن‌وباڵای پیاو بڕاوه! ژنان یان هه‌ر ڕێگه‌یان پێ‌نادرێ خۆ له قه‌ره‌ی سیاسه‌ت بده‌ن، یان زۆر به‌که‌می ده‌رفه‌تیان پێ‌ده‌درێ. له‌م وڵاتانه‌دا ژنێک که ویستبێتی یان له‌خۆی‌ڕا دیبێ خۆ له‌وبواره بدا، له‌گه‌ڵ کێشه‌و گیروگرفتی زۆر به‌ره‌وڕوو بۆته‌وه. هه‌ڵبه‌ت زۆرن ئه‌و ژنانه که به بڕوایه‌کی پته‌وه‌وه‌و به دانی نرخی زۆر، خۆیان له‌و بواره داوه، به‌ڵام کاریگه‌ری‌یه‌کی ئه‌وتۆیان له‌سه‌ر ژیانی سیاسیی وڵاته‌که‌یان نه‌بووه. یه‌کێک له‌و وڵاتانه ئێرانه که جگه له‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی پیاوسالاره، ده‌سه‌ڵاتێکی کۆنه‌پارێز، دژه ژن، دژه ئازادی‌و هه‌رچی به‌ها مرۆیی‌یه‌کانه، خۆی به‌سه‌ر خه‌ڵکانی ئێران‌دا سه‌پاندوه.

## هه‌ڵبژاردن و ژنان!

یه‌کێک له کێشه‌و گیروگرفته‌کانی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی کۆماری ئیسلامی، ئه‌سڵی ١١٥ی ئه‌و قانوونه‌و مه‌سه‌له‌ی ڕێنه‌دان به کاندیدبوونی ژن بۆ پۆستی سه‌رکۆماری‌یه.

ئه‌سڵی ١١٥ی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی کۆماری ئیسلامی ده‌ڵێ:

سه‌رکۆمار ده‌بێ له‌نێو «رجال» سیاسی‌و مه‌زهه‌بی‌دا هه‌ڵبژێردرێ که ئه‌و مه‌رجانه‌ی تێدا بێ: به‌ئه‌سڵ ئێرانی، مودیرو لێوه‌شاوه، خاوه‌نی ڕابردووی ئه‌مانه‌تداری‌و «تقوی»، بڕوامه‌ند به بنه‌ماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و مه‌زهه‌بی ره‌سمیی وڵات بێ.

زیاتر له سێ ده‌یه له په‌سندکرانی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی کۆماری ئیسلامی ڕاده‌برێ‌و به‌رده‌وام تا ئه‌مڕۆ ئه‌و پرسیاره دێ‌و ده‌چێ که ئایا وشه‌ی «رجل» به مانای پیاو دێ یان به مانای که‌سایه‌تی؟! ئه‌و باس‌و پرسیاره زیاتر له کاتی هه‌ڵبژاردنی سه‌رکۆماری‌دا دێته‌وه سه‌رئانتێن‌و له‌لایه‌ن چاوه‌دێرانی سیاسی‌و راگه‌یه‌نه‌کانه‌وه لێکدانه‌وه‌ی جۆراوجۆری بۆ ده‌کرێ.

حاکمییه‌تی ئێرانیش تا ئێستا به‌بێ ئه‌وه‌ی به ڕه‌سمی ته‌فسیرێکی ڕوون‌و ئاشکرای بۆ کردبێ، به‌کرده‌وه ده‌ری‌خستوه که ڕێگه به کاندیدبوونی ژنان بۆ پۆستی سه‌رکۆماری نادا. کێشه‌یه‌ک که به‌رده‌وام بۆته خه‌می چالاکانی مافه‌کانی ژنان له ئێران‌دا، به‌ڵام تاکوو ئێستا هه‌روه‌ک خۆی ماوه‌ته‌وه.

پۆسته‌ی هه‌بێ، واته تواناو لیاقه‌تی ئه‌و به‌رپرسایه‌تی‌یه‌ی هه‌بێ. ئیتر گرنگ نیه ئه‌و که‌سه پیاوه یان ژن. ده‌سته‌یه‌کی دیکه‌ش ده‌ڵێن «رجل» یانی «پیاو»و ئیدی ئه‌وه ته‌فسیر هه‌ڵناگرێ. دیاره که‌سانێکیش هه‌ن ده‌ڵێن «رجل سیاسی» پێویستی به ته‌فسیرو لێکدانه‌وه نیه، به‌ڵکوو له نیهایه‌ت‌دا ده‌بێ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به عورف‌و ڕێسای کۆمه‌ڵگه بسپێردرێ! ئه‌وه کۆمه‌ڵگه‌یه هه‌ڵده‌سه‌نگێنێ که ئه‌و که‌سه بۆ ئه‌و پۆسته ده‌بێ یان نا! کۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌ش کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی سوننه‌تی‌و

له‌مه‌ش پێشێلکردنی ئاشکرای په‌یماننامه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی مافی مرۆڤیشه که ئێران بۆخۆی یه‌کێک له واژۆکه‌رانی ئه‌و په‌یماننامانه‌یه.

به‌ڵام جیا له هه‌ر قانوون‌و ماده‌یه‌کی قانوونی، ده‌کرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی به هیچ جۆر باوه‌ڕی به تواناو لێوه‌شاوه‌یی‌و عه‌قڵ‌و درکو درایه‌تی ژن نیه. ئه‌گه‌رچی کۆماری ئیسلامی تا ئه‌مڕۆ به ناڕوونی له‌گه‌ڵ قانوون‌و په‌یماننامه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کان‌دا هاتوه‌و بۆ به‌شداریی ژنان له کایه سیاسی‌یه‌کانی وڵات‌دا قسه‌ی

به‌رپرسایه‌تی‌یه‌کی گه‌وره‌یه‌و نابێ له‌وه‌ی نیگه‌ران بین که ده‌ڵێین ژن ناتوانێ ئه‌و به‌رپرسایه‌تی‌یه به‌ئه‌ستۆوه بگرێ! بۆیه له‌سه‌ره‌تادا ئه‌م ناڕوونی‌یه نه‌بووه، به‌ڵام دواتر پاش ئه‌وه‌ی مه‌شوه‌ره‌ت له‌گه‌ڵ خومه‌ینی‌و هێندێک ده‌سه‌ڵاتداری دیکه‌ی نیزام که ڕوانگه‌ی مه‌نفی‌یان له‌سه‌ر به‌شداریی ژنان له کایه سیاسی‌یه‌کان‌دا هه‌بووه، ده‌کرێو تێبینیی زیانه‌کانیان بۆ ڕوون ده‌کرێته‌وه، وشه‌ی پیاو له‌و به‌نده لاده‌چێ‌و به‌م‌شێوه‌یه‌ی ئێستا به ناڕوونی ده‌ی‌هێڵنه‌وه که تا




**له وڵاتانی دواکه‌وتوودا به‌پێی ره‌سم‌و ڕێسای له‌مێژینه، هێزو توانا وه‌ک تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌کی پیاوانه چاو لێ‌ده‌کرێ، بۆیه بواری سیاسه‌تیش به به‌ژن‌وباڵای پیاو بڕاوه! ژنان یان هه‌ر ڕێگه‌یان پێ‌نادرێ خۆ له قه‌ره‌ی سیاسه‌ت بده‌ن، یان زۆر به‌که‌می ده‌رفه‌تیان پێ‌ده‌درێ. له‌م وڵاتانه‌دا ژنێک که ویستبێتی یان له‌خۆی‌ڕا دیبێ خۆ له‌وبواره بدا، له‌گه‌ڵ کێشه‌و گیروگرفتی زۆر به‌ره‌وڕوو بۆته‌وه. هه‌ڵبه‌ت زۆرن ئه‌و ژنانه که به بڕوایه‌کی پته‌وه‌وه‌و به دانی نرخی زۆر، خۆیان له‌و بواره داوه، به‌ڵام کاریگه‌ری‌یه‌کی ئه‌وتۆیان له‌سه‌ر ژیانی سیاسیی وڵاته‌که‌یان نه‌بووه. یه‌کێک له‌و وڵاتانه ئێرانه که جگه له‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی پیاوسالاره، ده‌سه‌ڵاتێکی کۆنه‌پارێز، دژه ژن، دژه ئازادی‌و هه‌رچی به‌ها مرۆیی‌یه‌کانه، خۆی به‌سه‌ر خه‌ڵکانی ئێران‌دا سه‌پاندوه.**

چاوه‌دێرانی سیاسی له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن که قانوونی بنه‌ڕه‌تیی ئێران له باره‌ی به‌شداریی ژنان له هه‌ڵبژاردنی سه‌رکۆماری‌دا ناڕوونیی پێوه دیاره. دیاره دوو جۆر بۆچوون هه‌ن، ده‌سته‌یه‌ک له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن که ئه‌و وشه‌یه مانای ره‌گه‌زی ناگه‌یه‌نێ. یانی به‌م پێیه رجالی سیاسی‌و مه‌زهه‌بی ده‌توانن ببنه سه‌رکۆمار! واته که‌سێک ده‌توانێ ببێته سه‌رکۆمار که به‌پێی قانوون به‌ئه‌سڵ ئێرانی، پابه‌ند به بنه‌ماکانی کۆماری ئیسلامی‌و مه‌زهه‌بی شیعه بێ، لێوه‌شاوه‌یی ئه‌و

پیاوسالاره! واته ڕوونه به‌پێی ڕوانگه‌و عورف‌و ڕێسای کۆمه‌ڵگه‌ی ئێرانیش ژن ئه‌و توانایه‌ی نیه ببێته سه‌رکۆمار! ئه‌م ڕوانگه‌یه زۆرتر ئه‌وکه‌سانه ده‌گرێته‌وه که له‌نێو حاکمییه‌ت‌دا ده‌سه‌ڵاتیان هه‌یه.

دیاره ڕێگه‌نه‌دان به ژنان بۆ خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سه‌رکۆماری، ناته‌بایی له‌گه‌ڵ هێندێک له ماده‌کانی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی ئێران هه‌یه. ئه‌و قانوونه ده‌ڵێ هه‌موو هاونیشتمانان له به‌رابه‌ر قانوون‌دا یه‌کسانن. که‌وایه ئه‌م هه‌ڵاواردنه پێشێلکردنی قانوونی بنه‌ڕه‌تیی ئێرانیشه. جگه

ڕێبه‌ران‌و کاربه‌ده‌ستانی ئه‌و ڕێژیمه پڕ بووه له هه‌ڵوێستی ناڕوون‌و ناته‌با، به‌ڵام به‌کرده‌وه‌و زۆر به ئاشکراو ڕوونی ده‌بینرێ ڕێگه له به‌شداریی ژنان له سیاسه‌ت‌و پۆسته کلیدی‌یه‌کانی وڵات‌دا گیراوه‌و به‌رده‌وام له بواری جۆراوجۆردا کۆسپ خراوه‌ته سه‌ر ڕێیان.

ساڵی ١٣٥٨ که قانوونی بنه‌ڕه‌تیی کۆماری ئیسلامی نووسراوه، زۆر له سه‌رانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابووه که ده‌بێ «پیاو» له په‌نا وشه‌ی «رجل»دا بنووسرێ، سه‌رکۆمار

ئه‌مڕۆش هه‌ر جێگه‌ی مشتومڕی ته‌نانه‌ت ده‌سه‌ڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییشه.

٣٥ ساڵه له لایه‌ن ڕێبه‌رانی کۆماری ئیسلامی‌یه‌وه هیچ وڵامێکی ڕوون به‌م پرسیاره له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ژن‌و سه‌رکۆماری‌دا نه‌دراوه‌ته‌وه که ئایا مه‌به‌ست له «رجال» چیه؟! به‌ڵام ئه‌مساڵ ئایه‌تولڵا محه‌ممه‌د یه‌زدی که یه‌کێک له ئه‌ندامانی شوورای نیگابانه، زۆر به ئاشکراو سه‌ریحی ڕای‌گه‌یاند سه‌رکۆماری داهاتووی

ئێران ناتوانێ ژن بێ! قسه له‌مه ڕوونتر ده‌بێ چبێ؟! بێگومان ئه‌وه قسه‌ی ته‌نیا ده‌سه‌ڵاتدارێکی ئه‌و نیزامه نیه، به‌ڵکوو ئه‌وه ڕوانگه‌ی ته‌واوی ئه‌و نیزامه دیکتاتۆره‌یه، که به داخه‌وه ژنانێکی زۆریشیان له‌گه‌ڵ خۆیان هاوڕا کردوه!

ئه‌وه که هێندێک له سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن که وشه‌ی «رجل» له ماده‌ی ١١٥ ی قانوونی بنه‌ڕه‌تی کۆماری ئیسلامی‌دا به‌واتای که‌سایه‌تی‌یه‌و لایه‌نی ڕه‌گه‌زیی نیه‌و هێندێکیش به پێچه‌وانه‌وه بیر ده‌که‌نه‌وه، هیچیه‌ک له‌وانه چاره‌نووسی ژنانیان له ئێرانی ژێرده‌سه‌ڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا نه‌گۆڕیوه. ڕاستی‌یه‌که‌ی ئه‌وه‌یه کۆماری ئیسلامی نه‌ی‌ویستوه‌و نایه‌وێ ژنان له سه‌حنه‌ی سیاسیی وڵات‌دا ڕۆڵیان هه‌بێ. ئه‌و ڕێژیمه به هه‌موو پێوه‌رو قانوونه‌کانی‌ڕا دیاره‌و پێی وایه ژن به‌و ئاسته له ده‌رکو شعوور نه‌گه‌یشتوه که پیاو هه‌یه‌تی. ئه‌وه یه‌کێک له تایبه‌تمه‌ندی‌یه سه‌ره‌کی‌یه‌کانی ئه‌ر ڕێژیمه‌و ئه‌و سیسته‌مه ئیستبدادی‌یه‌یه که ژنی له باری عه‌قڵه‌وه پێ ئینسانێکی (ته‌واو) نیه. ئه‌وه به ڕوونی له هه‌موو قانوون‌و عورف‌و ڕێسایه‌کی ئه‌و ڕێژیمه‌دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌و، به ناوی ئیسلامی‌بوون ڕه‌سمه‌ن ڕێگه‌ی به‌رابه‌ریی ژن‌و پیاوی گرتوه. که‌وایه ژنان ده‌بێ ئه‌م ڕاستی‌یه قه‌بووڵ بکه‌ن که ده‌سه‌ڵاتداره پایه‌به‌رزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئه‌وه بیرکردنه‌وه‌یانه. ئه‌گه‌ر ڕۆژێک ئه‌و بیرکردنه‌وه‌یه گۆڕاو هاتنه سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه که ژن‌و پیاو یه‌کسانن‌و حه‌ق‌و حوقووقی یه‌کسانیان هه‌یه، ئه‌وه به دڵنیایی‌یه‌وه ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆتایی به ته‌مه‌نی هاتوه.

## مه‌یدانداریی ژنان به‌رامبه‌ر به کۆماری ئیسلامی

ژنانی ئێران نه‌ک ئێستا به‌ڵکوو له‌یه‌که‌م ڕۆژی هاتنه‌سه‌رکاری ئه‌و ڕێژیمه‌وه وڵامی خۆیان له‌و ده‌سه‌ڵاته وه‌رگرت که ئه‌وله‌وییه‌تی کاری ژن‌و مه‌یدانی کاری ژن، ماڵه‌وه‌یه‌و خزمه‌ت به ماڵ‌و منداڵ‌و مێرده! به‌ڵام ئه‌وه‌ش بڵێین که ژنان له ماوه‌ی ئه‌و ٣٥ ساڵه‌دا به‌ڕاستی کۆماری ئیسلامی‌یان وه‌زاڵه هێناوه. هه‌ر ئه‌وه که ڕێژیم به‌رده‌وام ده‌که‌وێته به‌ر ره‌خنه‌و ناڕه‌زایه‌تیی کۆمه‌ڵگه‌ی جیهانی‌و له سه‌ر پێشێلکردنی مافه‌کانی مرۆڤ مه‌حکووم ده‌کرێ، به‌شێکی هه‌ره ئه‌ساسیی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ مه‌سه‌له‌ی ژنان‌و هه‌وڵه‌کانیان له پێناوی مافه‌کانیان‌دا. ژنانی ئێران به هۆی خه‌باتێکی دوورو درێژی مافخوازی‌و ڕاوه‌ستان‌و به‌ربه‌ره‌کانی له‌گه‌ڵ کۆنه‌په‌رستانی ده‌سه‌ڵاتدار، ده‌سکه‌وتی به‌نرخیان وه‌سه‌ر یه‌ک ناوه‌وقانوون‌و کولتووری پیاوسالارو ئه‌و هه‌موو هه‌ڵاواردنانه، نه‌یان‌توانیوه ئه‌وان له ڕه‌وتی به‌ره‌وپێشچوون دوا بخه‌ن. کۆماری ئیسلامی تا ئه‌مڕۆش به ئاسووده‌یی نه‌ی‌توانیوه ژنان له سه‌حنه‌ی سیاسیی وڵات حه‌زف بکا!

مەسعود ڕەواندوست: لە کۆماری ئیسلامی‌دا سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە داڕشتنی سیاسەتە گەورەکان‌دا نیەو بە تایبەت مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەو پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بە تەواوی لە دەسەڵاتی ڕێبەردایەو هاتن‌و ڕۆیشتنی سەرکۆمارەکان هیچ گۆڕانێک لە ئامانج‌و ئاکامی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی ئەم وڵاتەدا پێکناهێنێ

ئاگری باڵەکی: زمان یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی دیاری‌کردنی نەتەوەیە، یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕژێمەکانی زاڵ بەسەر ئێران‌دا هەمیشە ئەوە بووە کە بتوانن بە کارتێکەریی کەلتووری‌و زاڵکردنی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست باری دیموگرافیی دانیشتووان بگۆڕن‌و قورسایی ئەو ناوچانە کە نەتەوەکانی دیکەیان تێدا دەژین بەشێوەی هێرشی کەلتووری کەم بکەنەوە.

# ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی

# بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران پەرەی سەندوە



مەسعود ڕەواندوست

ئەگەرچی لە چەند مانگی ڕابردوودا مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، ڕای گشتی‌و سەرنجی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی نێوخۆو دەرەوەی ئێرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوەو ئێستا بە نزیک‌بوونەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان ئەم بازاڕە گەرمتریش بووەو، ئەوە کە کێ دەبێتە سەرکۆماری داهاتووی ئێران بەشێکی بەرچاو لە خەڵکو ڕاگەیەنە ئێرانی‌و بیانی‌یەکان‌و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بە خۆیەوە خەریک کردوە، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران غافڵ نەبوونەو بەردەوام چاودێریی کارو بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی ئێرانیان کردوە، بۆ ئەوەی ڕێژیمی تاران لە کاتێک‌دا کە ڕای گشتی‌و ڕاگەیەنەکان بە مەسەلەی هەڵبژاردنەکانەوە سەرقاڵن، نەتوانێ بە بێ‌دەنگی‌و بە خەیاڵی ئاسوودە پرۆژە ئەتۆمی‌یەکەی پەرە پێ‌بدا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی جۆزەردان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ڕاپۆرتی سێ مانگەی خۆی لەسەر چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران بڵاوکردەوەو ئاشکرای کرد کە ئێران سەرەڕای گوشارە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی پەرە پێ‌داوەو ٧٠٠ سانتریفیووژی «IR-2M»ی لە ناوەندی ئەتۆمیی نەتەنز دامەزراندوە. سانتریفیووژی «IR-2M» مۆدێلی نوێی سانتریفیووژە کە بە نەسلی دووەمی سانتریفیووژەکان ناسراوەو بەرهەمیان ٣ هێندەی سانتریفیووژی مۆدێلی «IR-1»ـە کە بە نەسلی یەکەمی سانتریفیووژ ناسراوەو هی دەیەی ١٩٧٠یەو ئێران ١٣٥٠٠ دانە لەم مۆدێلەی لە دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی‌دا هەیە.

لە دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌دا گوتراوە کە ئێران لە دروستکردنی ڕێئاکتۆری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەراکیش پێشکەوتنی زۆری هەبووەو مەحفەزەی سەرەکیی ڕێئاکتۆرەکەی بۆ ناوەندی ئاوی قورسی ئەراک گواستۆتەوەو بە وتەی بەرپرسی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران بڕیار وایە لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا دابمەزرێ‌و لە سێ مانگی کۆتایی ئەو ساڵەدا وەکارکەوێ.

بە وتەی کارناسان، ئەو ڕێئاکتۆرەی ئێران لە ئەراک دای‌دەمەزرێنێ دەتوانێ سووتەمەنی‌یەک بەرهەم بێنێ کە دەکرێ پلۆتۆنیۆمی پێویست بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی لێ‌وەدەست بێنن.

لەم ڕاپۆرتەدا گوتراوە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە ئێران زانیاری‌یەکی وردو دروستی لەسەر ئاڵوگۆڕەکان لە پرۆسەی دروستکردنی ئەم ڕێئاکتۆرە بە ئاژانس نەداوە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوە کراوە کە ئێران ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەر ناوەندی نیزامیی پارچین‌دا هێناوە کە ماوەیەکی زۆرە ڕۆژئاوا داوا دەکا ئێران ڕێگە بە بازرەسەکانی ئاژانس بدا بۆ پشکنینی ئەم ناوەندە گوماناوی‌یە سەردانی پارچین بکەن، بەڵام تائێستا ئێران ڕێگەی بە بازرەسەکانی ئاژانس نەداوە سەردانی ئەم ناوەندە بکەن.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم‌و وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێیان‌وایە ئێران بە تێکدانی ڕواڵەت‌و ئاڵوگۆڕی ئەم ناوەندەو ئەسفاڵتکردنی بەشێکی زۆر لە شوێنەکانی، دەیەوێ ئاسەواری چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی بسڕێتەوە کە گومان دەکرێ ساڵی ٢٠٠٣ لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوەی تەقینەوەی ئەتۆمی تێدا بەڕێوە بردبێ.




دوابەداوی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی ئاژانس لە ڕۆژی ١ی جۆزەردان‌دا، یەکیەتیی ئورووپاش ڕای‌گەیاند کە پەرەسەندنی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران بە مانای پێشێلکردنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە لایەن ئێرانەوەو، دەبێتە هۆی زیاتربوونی نیگەرانی‌یەکان لە بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی ئەم وڵاتە.

هەر لە درێژەی ئەم هەواڵ‌و ڕاپۆرتانەدا، ڕاگەیە جیهانی‌یەکان ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی جۆزەردان بڵاویان کردەوە کە هێرمان ناکارتس، بازرەسی بەرزی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ڕۆژی ٨ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی‌دا لە شاری ڤییەن ڕای‌گەیاندوە کە وێنە ماهوارەیی‌یە نوێیەکان لە ناوەندی نیزامیی پارچین ئەو گومان‌و نیگەرانی‌یانە زیاتر دەکەن کە ئێران خەریکی سڕینەوەو نەهێشتنی نیشانەکانی چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یە گوماناوی‌یەکانی لەم ناوەندەدا بێ.

لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانەدا ڕۆژی هەینی ١٠ی جۆزەردان وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕای‌گەیاند کە ئەم قسانەی هێرمان ناکارتس جێی سەرسوڕمانەو ئێران لە نێوخۆدا لایەنەکانی ئەم قسەیە تاوتوێ دەکا.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی پێی‌وایە ئێران لە ژانوییەی ساڵی ٢٠١٢وە دەستی بە پاککردنەوەی ناوەندی نیزامیی پارچین کردووەو وێنە ماهوارەیی‌یەکان ئەم ڕاستی‌یە دەسەلمێنن. ئێران بەردەوام ئەم ئیددیعایانەی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا ڕێگەی بە بازرەسەکانی ئاژانس نەداوە سەردانی ئەم ناوەندە بکەن.

ئەم ڕاپۆرتەی ئاژانس‌و هەروەها هەواڵە پێوەندیدارەکانی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە حاڵێکدا بڵاو دەبنەوە کە ڕای گشتی‌و میدیا جیهانی‌یەکان بە مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ئێرانەوە خەریکن‌و، ئەو بابەتە خەریک بوو مەسەلەی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانی دەخستە پەراوێزەوە. تەنانەت هێندێک لە بەرپرسانی ڕۆژئاواییش لە چەند مانگی ڕابردوودا باسی ئەوەیان هێنابووە گۆڕێ کە هەتا ڕوون‌بوونەوەی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، وتووێژەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران لەسەر پەروەندە ئەتۆمی‌یەکەی ئاکامێکی نابێ. بە وردبوونەوەیەک لە پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی‌دا دەردەکەوێ کە ئەم بۆچوونە زۆر ساویلکانەو دوور لە ڕاستی‌یە، چونکە هەروەک تا ئێستا بۆ هەموولایەک ڕوون بۆتەوە، لە کۆماری ئیسلامی‌دا سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە داڕشتنی سیاسەتە گەورەکان‌دا نیەو بە تایبەت مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەو پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بە تەواوی لە دەسەڵاتی ڕێبەردایەو هاتن‌و ڕۆیشتنی سەرکۆمارەکان هیچ گۆڕانێک لە ئامانج‌و ئاکامی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی ئەم وڵاتەدا پێکناهێنێ. کەوابێ ئەم کەشوهەوا میدیایی‌و پروپاگەندەیی‌یەی هەڵبژاردنەکان نابێ ببێ بە پەردەیەک بۆ دوورکردنەوەی سەرنج‌و ڕای گشتی لە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌و، بێ‌گومان جیهان بە وردی چاوەدێریی جموجۆڵەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا دەکا.

# هێرشی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## ( لێکدانەوەیەکی ئاماری)



ئاگری باڵەکی


تاکوو ئێستا لە هیچ‌یەک لە سەرژمێری‌یەکانی ئێران‌دا پرسیار دەربارەی تایبەتمەندی‌یە نەتەوەیی‌و زمانی‌یەکان نەکراوە، هەڵبەتە ئەو جۆرە پرسیارانە لە سەرژمێریی ساڵی ١٣٦٥دا باس کرابوون* بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژەی دەقیقی حەشیمەتی هەر نەتەوەیەک لە ئێران‌دا دیاری نەکرێ‌و هەروەها بۆئەوەی نەبێتە هۆی خوڵقانی کێشەی سیاسی، ئەم پرسیارانە هەر لە سەرەتای سەرژمێری‌یەکەوە هەڵگیران، کەچی لەگەڵ ئەوەش‌دا ناوەندی ئاماری ئێران نێوە نێوە هەندێک ئاماری تایبەت بە نەتەوەو زمان بڵاودەکاتەوە کە زۆر جێگای متمانە نین چونکە ئەو ئامارانە زۆرتر ناوچەیەک یان بابەتێکی تایبەت دەکەنە ئامانج. بۆیە ناکرێ زۆر پشتیان پێ ببەسترێ. لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەگەر چاو بە ئامارو ژمارەکانی زمان‌و نەتەوەدا دەخشێنین دەبینین کە ڕێژەکان بە درێژایی کات گۆڕاون‌و پێ‌دەچێ لە بلاوکردنەوەی ئامارە ڕاستەکان خۆببوێرن. یەکێک لەو ئامارانە دەگەڕێتەوە بۆ گەڵاوێژی ١٣٧٠ کە لە لایەن ناوەندی ئاماری ئێرانەوە ئەنجام دراوە، لێکۆڵینەوەکە لە سەر زمانی دایک وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دیاریکردنی نەتەوە ئەنجام دراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ٤٩٥٥٨ دایک ئەنجام درا. لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم ڕێژەیە دەرکەوت: ٤٦,٢٪ بە زمانی فارسی، ٢٠,٦٪ بە زمانی ئازەری‌و ١٠٪ بە زمانی کوردی‌و ٨,٩٪ بە زمانی لۆری‌و ٧,٢٪ بە زمانی شومالی، ٣,٥٪ بە عەرەبی، ٢,٧٪ بە بەلووچی، ٠,٦٪ بە ترکمنی، ٠,١٪ بە ئەرمەنی، ٠,٢٪ بە زمانەکانی دیکە ئاخاوتنیان دەکرد. بەڵام ئەگەر سەرنجێک بدەینە سەرژمێری‌یەکی دیکەی لەو بابەتە کە ساڵی ١٣٧٣ ئەنجام دراوە دەبینین کە ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەردا دێ، یەکێک لەو هۆکارانە کە ڕێژەکان دەگۆڕێن ڕێژەی لەدایک‌بوون‌و مردن لە ناوچەکانی ئێران‌دایە کە زۆر جیاوازە، ڕێژەی ئەو منداڵانە کە دوای لە دایک بوونیان لە ژیان‌دا دەمێنن لە پارێزگاکانی نێوەڕاستی ئێران زۆرترە تا پارێزگاکانی ناوچە کوردنشینەکان، ئەمەش زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بواری لەش‌ساغی لە ناوچە کوردنشینەکان زۆر کەمترە تا ناوچەکانی دیکەی ئێران، هەرلەو کاتەدا ناوەندی ئاماری ئێران بۆ ئەوەی ڕێژەی ڕاستەقینەی نەتەوەکان لە ئێران‌دا ئاشکرا نەکاو بتوانن هێرشی کەلتووریی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک‌و بێ‌کێشە ببەنە پێشێ، هیچکات لە سەرژمێری‌یەکانیان‌دا باس لە نەتەوەو وابەستەگی قەومی ناکرێ.

زمان یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی دیاری‌کردنی نەتەوەیە، یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕژێمەکانی زاڵ بەسەر ئێران‌دا هەمیشە ئەوە بووە کە بتوانن بە کارتێکەریی کەلتووری‌و زاڵکردنی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست باری دیموگرافیی دانیشتووان بگۆڕن‌و قورسایی ئەو ناوچانە کە نەتەوەکانی دیکەیان تێدا دەژین بەشێوەی هێرشی کەلتووری کەم بکەنەوە.

ئەگەر بمانەوێ زۆرتر لەو هێرشە کەلتووری‌یە بزانین دەبێ بەوردی بڕوانینە نەخشەیەک کە ناوەندی Courtesy of Columbia.edu لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بڵاوی کردۆتەوەو باس لە شێوەی دابەش‌بوونی نەتەوەکانی ئێران‌و ئەو زمانانە دەکا کە لە ئێران‌دا قسەیان پێ‌دەکرێ. لەم نەخشەیەدا دەربارەی زمانەکان دوو مێژووی جیاوازی بەراورد کردوە یەکێکیان لە ساڵی ١٩٦٤و ئەوی دیکەیان لە ساڵی ٢٠٠٤ دایە، لەم بەراوردەدا دەبینین کە زمانی فارسی چۆن تەشەنەی کردۆتە نێو زمانەکانی دیکەی ئێران‌و زۆربەیانی بەڕێژەیەکی زۆر دابەزاندوەو هەروەها هەندێکیانی لەنێو بردوە.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕێژەی زمانی فارسی لە ئێران‌دا ٥١,٤ ٪ بووە، ئەمە لە کاتێک‌دایە کە ڕێژەی زمانی ئازەری ١٩,٣ و زمانی کوردی ٨,٢٪ بووە، بەڵام ئەگەر چاو لە ڕێژەکانی ساڵی ٢٠٠٤ دەکەین ڕێژەی زمانی فارسی بە زیادبوونێکی ١٢٪ بۆتە ٦٣,٣٪ لە بەرامبەردا زمانی ئازەری ٦,٣٪ کەمی کردوەو بۆتە ١٣٪ و زمانی کوردی ١,٢٪ کەم کردوەو بۆتە ٧٪ ، هەڵبەتە ئەم ڕێژانە لە ناوەندە سەرژمێری‌یەکانی دنیادا جیاوازی‌یەکی زۆریان هەیە، بەڵام لە هەموویان‌دا زمانی فارسی لە ئێران‌دا بەهۆی سیاسەتی هێرشی کەلتووریی نەتەوەیی باڵا دەست لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کردوەو ئەم هێرشە کەلتووری‌یەش وا دەکا کە لە داهاتووی دووردا مەترسی ئەوە بێتە پێش کە زمانەکان لە ئێران‌دا جگە لە فارسی هەوڵی لەنێوبردن‌و تواندنەوەیان بدرێ.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی




دواکەوتنی ناوچە کوردنشینەکان لە بواری فەرهەنگی‌دا گرنگی‌نەدان بە ساڵۆنەکانی سینەما لەو چوار پارێزگا کوردنشینەیە چونکە سینەما بە یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندیدار بە کەلتوورو فەرهەنگی هەرناوچەیەک دادەنرێ. بەدەیان فیلم‌سازو ئەکتەری سینەمایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتن، بەڵام هیچکات نەیان‌توانی بەرهەمەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدەن یان لە سینەمای ئێران دەورێکی ئەساسی ببینن. دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆربەی زۆری سیناریۆو فیلمەکانی سینەماکارانی کوردستانی یان ڕاگرت یان ئیجازەی پەخش‌و بلاوکردنەوە لە ئێرانی پێ‌نەدان. هەر بۆیەشە زۆربەیان پەنایان برد بۆ دەرەوەی وڵات‌و لەوێ فیلمیان بەرهەم هێناو نیشانیان داو تەنانەت خەڵاتە جیهانی‌یەکانیشان بردەوە. جگە لەوەش، هۆڵەکانی سینەما لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیان ئەوەندە کەمە کە لە پەنجەی دەست تێ‌ناپەڕێ. لە پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان، کرمانشان، ئیلام تەنیا ١١ هۆڵی سینەما هەیە کە جێگای ٦٩٢٦ کەسیان هەیە، لە پارێزگای ئیلام تەنیا ١ سینەما هەیە، ئەگەر ئەو ڕێژەیە بەراورد بکەین بە ڕێژەی دانیشتووان، دەبینین بە ٧٥٠ هەزار کەس یەک کورسیی سینەمایان بەر دەکەوێ کە بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی ئێران ڕێژەیەکی یەکجار نزمە. بۆ نموونە شاری تاران ٥١ سینەمای لێ‌یە کە ئەگەر بەراورد بکرێ بە ڕێژەی دانیشتووان، دەبینین هەر ٢٠٠هەزار کەس کورسی‌یەکی بەر دەکەوێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم بوارەش‌دا هەوڵی داوە زۆر کەمتر گرنگی بدا بە کورستان‌و خەڵکەکەی .

– لە نەخشەی دابەش‌بوونی زمانی نەتەوەکانی ئێران‌دا، کورد لە پلەی دووهەم دێ لە بڵاوی‌و لە ژمارەی دانیشتووان دوای فارس‌و ئازەری لە پلەی سێیەم دێ، ،.

**موختار نەقشبەندی: به سەرنجدان به پانتایی‌و بەربڵاویی دەسەڵاتەکانی ڕێبەر دەردەکەوێ که سەرکۆمار بێ ئیزنو ئیجازەی ڕێبەر ناتوانێ هیچ کارێکی گرنگ له وڵاتدا بەڕێوە بەرێ.**

**دەسەڵاتو نفووزی ڕێبەری ئێران بەسەر دامودەزگا ئەمنییەتی‌یەکانو ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا به ڕادەیەکە که بەسەرکۆماربوونی کەسێکی دڵخوازی خەڵکو شارەزاو به ئەزموون له ڕێگەی قانوونەوە مەحاڵە.**

**ئەحمەدی‌نەژاد له ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا ئەگەرچی سەدان میلیارد داهاتی نەوتی له دەستدا بوو که چەند هێندەی دەوڵەتەکانی پێش خۆی بوو، بەڵام به هۆی نالێهاتوویی‌و نەبوونی تواناو پسپۆڕی‌و هەروەها سیاسەتە کۆنەپارێزانەکانی، نەی‌توانی له پێناو ئاسایشو ژیانێکی خۆش بۆ خەڵکدا هەنگاو هەڵێنێتەوە.**
**موختار نەقشبەندی**

# گرنگیی هەڵبژاردنی سەرکۆمار له ئێران



موختار نەقشبەندی

وەرگێڕان بۆ کوردی: مەسعود ڕەواندوست

له زۆربەی وڵاتانی جیهان هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ‌و گرنگیی ئەم هەڵبژاردنانە له هەر وڵاتێک پێوەندیی به کاریگەری‌و گرنگیی وڵاتەکە له جیهانو ڕادەی دادپەروەرانەو ئازادبوونی هەڵبژاردنەکەو ڕوانگە سیاسی‌یەکانی کاندیداو حیزبە بەشدارەکانەوە هەیە.

بارودۆخی قەیراناویی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو درێژەی بەرنامە ئەتۆمی‌یە گوماناوی‌یەکەی ئێرانو دەستتێوەردانی ئێران له کاروباری وڵاتانی ناوچەکە بۆتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەبێ. به دڵنیایی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نە به ڕۆیشتنی ئەحمەدی‌نەژاد شاد دەبنو نە به هاتنەسەرکاری ڕێفۆرمیستێک!. له ڕاستی‌دا هیچ جیاوازی‌یەکی بۆ ڕۆژئاوا نیە که چکەسێک دەبێتە سەرکۆماری ئێران. له لایەکی دیکەوە ڕۆژئاوا بەرامبەر به هەڵبژاردنەکانی ئێران تا ڕادەیەک هەستیارتر بووە، بەجۆرێک که وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی کاندیداکان له لایەن شوورای نیگابانەوە دژکردەوەی نیشان دا.

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە که هەڵبژاردنەکانی ئێران له چ بارێکەوە بۆ ڕۆژئاوا گرنگن؟ بەر له وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە ئاوڕدانەوەیەکی خێرامان هەبێ بەسەر دەسەڵاتو سەلاحییەتەکانی سەرکۆمار له کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

له ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕێبەر بەرزترین پۆستی ڕەسمی‌و کەسی یەکەمەو سەرکۆمار دووەمین بەرپرسایەتیی ڕەسمیی وڵاتی هەیە. بەڵام جیاوازی‌یەکانی دەسەڵاتی ئەم دوو پۆستە له عەرزەوە بۆ ئاسمانە. بۆ ڕوونبوونەوەی بابەتەکە ژمارەیەک له دەسەڵاتەکانی ڕێبەر له کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دێنینە بەر باس.

به پێی ئەسلی ١١٠ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بریتین له دیاری‌کردنی سیاسەتە گشتی‌یەکانی نیزام دوای ڕاوێژ به کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام، فەرمانی ڕێفراندۆم، فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان، ڕاگەیاندنی شەڕو ئاشتی‌و بەسیجی هێزە خەڵکی‌یەکان، دیاری‌کردنی بەرزترین پۆستی دەسەڵاتی دادوەری، سەرۆکی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، چارەسەرکردنی گیروگرفتو ناکۆکی‌یەکانو دیاری‌کردنی پێوەندیی دەسەڵاتەکانو .... به سەرنجدان به پانتایی‌و بەربڵاویی دەسەڵاتەکانی ڕێبەر دەردەکەوێ که سەرکۆمار بێ ئیزنو ئیجازەی ڕێبەر ناتوانێ هیچ کارێکی گرنگ له وڵاتدا بەڕێوە بەرێ.

دەسەڵاتو نفووزی ڕێبەری ئێران بەسەر دامودەزگا ئەمنییەتی‌یەکانو ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا به ڕادەیەکە که بەسەرکۆماربوونی کەسێکی دڵخوازی خەڵکو شارەزاو به ئەزموون له ڕێگەی قانوونەوە مەحاڵە. به وتەی بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ، کاتێک سەرکردەکانی دژبەران له زینداندانو خەڵک ناتوانن به ئازادی بدوێن، ئەم هەڵبژاردنە چۆن دەتوانێ ئازاد بێ؟

شوورای نیگابان که ٦ کەس له ئەندامەکانی (فەقیهەکان) ڕاستەوخۆ له لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێنو ٦ کەسەی دیکە (مافناسەکان) به پێشنیاری سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری‌و پشتگیریی نوێنەرانی مەجلیس، واتە ناڕاستەوخۆ له لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن، ڕێگە له کاندیدابوونی هەر کەسێک دەگرن که لەگەڵ نیزام یان ڕێبەر ناکۆک بێ. بەڵام ئەگەر وای‌دانێین ڕێبەر به هۆی هێندێک بەرژەوەندی ڕێگە به کەسێکی دڵخوازی خەڵک بدا خۆی کاندیدا بکا، به دڵنیایی‌یەوە دەنگو ڕەنگو ڕاگەیەنەکانی سەر به دەسەڵات به دژی ناوبراوو به قازانجی کاندیدای دڵخوازی ڕێبەر پروپاگەندا دەکەنو له ڕۆژی هەڵبژاردنیش‌دا سپاو بەسیجو ئیتلاعات به دزینی دەنگەکانی خەڵک ئەرکی خۆیان له بەرامبەر ڕێبەردا بەجێ‌دەگەیەننو کاندیدای دڵخوازی ناوبراو دەکەن به سەرکۆمار.





به وەبەرچاوگرتنی ئەسلی ١١٠ی قانوونی بنەڕەتی، تەنانەت بەسەرکۆماربوونی کەسێک هیچ ئاکامو سوودێکی نیەو ئەو کەسە به کردەوە ناتوانێ له ڕێگەی قانوونی‌یەوە هیچ ئاڵوگۆڕێک له سیاسەتە گشتی‌یەکانی نیزامدا پێکبێنێ. وڵاتانی ڕۆژئاواییش باش دەزانن که ئەم هەڵبژاردنانەو پۆستی سەرکۆمار شانۆیەکنو هیچ نێوەرۆکێکیان نیە. بەڵام ئەوان هیوادارن هەروەک له هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨دا به بیانووی ناڕەزایەتی‌دەربڕین به ئاکامی هەڵبژاردنەکانو به دانی دروشمی ئازادی‌و دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمو به تایبەت سیاسەتی ئەتۆمی، «نا»یان به ڕێژیم گوت، ئەمجارەش ناڕەزایەتی‌یەکان ببنە ڕێفراندۆمێکی خیابانی له دژی ڕێژیم.

به دڵنیایی‌یەوە ڕێژیم به توندی بەرپەرچی هەرجۆرە ناڕەزایەتی‌یەک دەداتەوە، بەڵام ئەگەر ناڕەزایەتی‌یەکان بەردەوام بن، کۆمەڵگای جیهانی به پێی توانا یارمەتیی خەڵکی ئێران دەدا. دیارە نابێ هەموو کێشەو گیروگرفتەکان تەنیا بخرێنە ئەستۆی خامەنەیی‌و، سەرکۆمارو بەرپرسانی دیکە لەبیر بکرێن. ڕاستە که دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەو سیاسەتە دروستەکان بەرتەسکە، بەڵام بەداخەوە چونکە بەرپرسانی ڕێژیم هەڵبژێراوی خەڵک نینو تواناو لێهاتوویی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات نیە، ناتوانن لەم برە کەمەی دەسەڵاتو سەلاحیەتەکانیشیان به قازانجی خەڵک کەڵک وەرگرن.

ئەحمەدی‌نەژاد له ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا ئەگەرچی سەدان میلیارد داهاتی نەوتی له دەستدا بوو که چەند هێندەی دەوڵەتەکانی پێش خۆی بوو، بەڵام به هۆی نالێهاتوویی‌و نەبوونی تواناو پسپۆڕی‌و هەروەها سیاسەتە کۆنەپارێزانەکانی، نەی‌توانی له پێناو ئاسایشو ژیانێکی خۆش بۆ خەڵکدا هەنگاو هەڵێنێتەوە.

له هەرحاڵدا سەرکۆماری داهاتووی ئێران شتێک نابێ جگە له بەردەیەکو، هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک له سیاسەتەکانی نیزامدا تەنیا به ئیرادەو ئیجازەی ڕێبەر دەبێ‌و، هیچ دوور نیە خامەنەییش وەک پیری جەماران جامی ژەهر بخواتەوە، بەڵام نەک به بوێری‌و ئازایەتیی ئەو. لەوانەیە ڕێبەری ڕێژیم، ئەحمەدی‌نەژادو سەر کۆماری دوای ئەو به بەرپرسی شکستەکانی ڕێژیمو گرفتەکانی خەڵک بناسێنێ.

# هەڵبژاردنی ٩٢ بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆنەپارێزان



ڕێبوار مەعروف‌زادە

شوورای نیگابان له ٦٨٨ کەس که بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ناونووسی‌یان کردبوو تەنیا ڕێگەی به ٨ کەس دا لەگەڵ یەکتر بۆ به دەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری ململانێ بکەن. پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو بابەتە که ئەو ٨ کەسە چکەسانێکنو ئەو باسانە که تا ئێستا هێناویانەتە ئاراوە چین، پێویستە هەڵوێستە لەسەر ئاکامەکانی ڕێگەنەدان به بەشداریی ڕەفسەنجانی‌و ڕەحیم مەشایی بکەین.

## ڕەفسەنجانی ئالتێرناتیوێک بۆ نیزامو خامەنەیی

ڕەفسەنجانی، که به وتەی خۆی به بێ ڕەزامەندیی ڕێبەر ناونووسیی نەکردوە، له لایەن شوورای نیگابانەوە ڕەت کرایەوەو ڕێبەریش هیچ پشتگیری‌یەکی لێ‌نەکرد. دیارە باشتر وایە که بڵێین ڕەفسەنجانی به فەرمانو ڕاسپاردەی ڕێبەر ڕەت کرایەوە. یەکێک له خەسارەکانی ڕەتکردنەوەی ڕەفسەنجانی له درێژخایەن‌دا ئەوە دەبێ که مردن یان نەمانی خامەنەیی وەک ڕێبەری ئێستای نیزام، کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانێکی زۆر گەورەتر له مردنی خومەینی دەکاتەوە. ڕەتکردنەوەو دژایەتیی ڕەفسەنجانی له لایەن کۆمەڵێک گرووپی نیزامی-ئیتتلاعاتیی سەر به بەیتی ڕێبەری‌یەوە له دوای مردنی خامەنەییش بەردەوام دەبێ. هەروەها ڕەفسەنجانییش نیشانی داوە که ڕەگوریشەی له نێو نیزامدایەو له لایەن گرووپگەلێکەوە پشتگیری دەکرێ. ڕێگەنەدانی خامەنەیی بۆ دروستبوونی ئالتێرناتیوی ڕێبەری ڕاستە هەڕەشە له سەر پێگەی کەسایەتیی خامەنەیی کەم دەکا بەڵام کێشەکانی دوای مردنی خامەنەیی قووڵترو گرووپەکانی سەر به ڕەفسەنجانی‌و خامنەیی ڕووبەڕوی یەکتر دەکاتەوە.

## پاکسازیی دەوڵەت

ئەحمەدی‌نەژاد که له ڕۆژی ناونووسیی مەشایی‌دا دەیکوت «مەشایی یانی ئەحمەدی نەژادو ئەحمەدی‌نەژادیش یانی مەشایی»، له دوای ڕەتکردنەوەی مەشایی له لایەن شوورای نیگابانەوە، نەی‌توانی یان نەیویست که هیچ ناڕەزایەتی‌یەک دەربڕێ. له هەر دوو حاڵەتدا واتە چنەی‌توانیبێ‌و چنەی‌ویستبێ ناڕەزایەتی دەربڕێ، به کۆتایی‌هاتنی ماوەی سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نەژاد پاکسازی‌یەکی گەورە له نێو دەوڵەتدا دەست پێ‌دەکا. له باشترین حاڵەتدا ئەحمەدی‌نەژاد ڕووبەڕووی دادگا ناکرێتەوە یان چارەنووسێکی هاوشێوەی کەڕووبی‌و مووسەوی نابێ، بەڵام دەبێ ماڵئاوایی له گۆڕەپانی سیاسەت بکا. ئەو پاکسازی‌یە هێندێک له بەرپرسانی دەوڵەتی ئێستا تووشی زیندان دەکا، هێندێکیان له سەر کار لادەباو ڕەنگە کەسانێکیشیان ئاوارەی ئورووپا بکا. ئەوەش قۆناخێکی گرنگ له هەڵوەرینی کەسانی دەوڵەتی له نێو کۆماری ئیسلامی‌دا دەبێ.

## هەشت کاندیدو دوو گرووپ

له نێوان ٨ کاندیدی پەسندکراو له لایەن شوورای نیگابانەوە دەکرێ دوو دابەش‌بوونی سیاسی یان دوو گرووپ دەستنیشان بکەین. گرووپی یەکەم که خۆی به ڕێفورمخوازانەوە دەبەستێتەوە، بریتین له محەممەدڕەزا عارفو حەسەنی ڕووحانی. گرووپی دووهەم که خۆیان به بەرەی کۆنەپارێزانەوە دەبەستنەوە بریتین له عەلی ئەکبەری ویلایەتی، سەعیدی جەلیلی، غولامعەلی حەداد عادل، موحەممەد باقر قالیباف، موحسن ڕەزایی‌و محەممەد غەرەزی.

## گرووپی یەکەم

نە محەممەدڕەزا عارفو نە حەسەن ڕووحانی نوێنەرێک نین که له لایەن بەرەی ڕێفورمخوازانو خەڵکی ناڕازی‌یەوە متمانەیەکی گەورەیان پێ‌بکرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە که تاکوو ئێستا ئەو دوو کەسە پشتگیری‌یان له کەڕووبی‌و مووسەوی نەکردوەو ڕەخنەکانی خۆیان ڕووبەڕووی خامەنەیی نەکردۆتەوەو تەنیا ڕەخنەیان ئاراستەی دەوڵەت کردوە. بەو پێیە خودی کەسێتی‌و پێگەی ئەو دوو کەسە لەو ئاستەدا نیە که بتوانن له نێو خەڵکی ڕێفورمخوازو ناڕازی‌دا دەنگێکی زۆر بێننەوە. له درێژەی ماوەی ململانێکانی هەڵبژاردن‌دا چەند هۆکارێک دەتوانێ دەنگی ئەو دوو کەسە زیاد یان کەم بکاتەوە. یەکەم ئەو بابەتانەی خۆیان له دیمانە تەلەڤیزیۆنی‌یەکان‌دا دەیان‌هێننە بەر باس. تاکوو ئێستا ئەوان قسەیان له باشترکردنی دۆخی ئابووری‌و گۆڕینی دیپلۆماسیی ئێران کردوەو ئەو قسانە نە توانیویانە جیاوازی‌یەکی گەورە له نێوان ئەوانو گرووپی دووهەم‌دا دروست بکاو نە توانیویانە فەزای هەڵبژاردن له بەرژەوەندیی ئەوان گەرم بکەن. دووهەم پشتگیریی ڕەفسەنجانی‌و خاتەمی لەو دوو کەسەو کشانەوەی یەکێک لەو دوو کەسە دەتوانێ قورسایی ڕێفورمخوازان لەو هەڵبژاردنە زیاد بکا. تاکوو ئێستا هاوکاری‌و پلانێکی هاوبەش له نێو عارفو ڕووحانی‌دا نابینرێ‌و خاتەمی‌و ڕەفسەنجانییش پشتگیری‌یەکی ئاشکرایان له هیچ کامیان نەکردوە. له ڕاستی‌دا ڕەفسەنجانی‌و خاتەمی ئێستاش له شۆکی ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی ڕەفسەنجانی‌دانو دەبێ چاوەڕێ بین که ئایا لەمەودوا دەبێ له مێژوودا بۆ ڕێفورمخوازان بگەڕێین.

## گرووپی دووهەم

گرووپی دووهەم به سەر چەند کەسێکدا دابەش دەبێ که له نێوان ئەو پێنج کەسەدا دەکرێ له ئێستاوە موحەممەد غەرەزی وەلا بنێین چونکە ئەو هەڵبژاردنە بۆ ئەو تەنیا ئەو قازانجەی دەبێ که زیاتر بناسرێ. سەعیدی جەلیلی یەکێک لەو پاڵێوراوانەیە که له نێو بەرەی کۆنەپارێزان‌دا شانسێکی زۆری هەیە. جەلیلی که به وتەی سادق زیباکەلام هەر ئەو مەحموودی ئەحمەدی‌نەژادەیە که له دەورەی یەکەمی خۆی‌دا باسی له ئیسلامی نابی موحەممەدی‌و فەلەستین و ... دەکرد، ناوی گرووپی تەبلیغاتیی خۆی ناوە «ستاد حیات طیبە»و به گوتارێکی خەستی ئیسلامی هێزە هەرە توندڕەوەکانی نێو بەرەی کۆنەپارێزانی وەک ئەنساری حیزبوڵڵا بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەلومەرجی جەلیلی له دەوری یەکەمی هەڵبژاردن‌دا باشتر دەبێ هەتا له دەوری دووهەم چونکە سێ کەسی دیکەی نێو بەرەی کۆنەپارێزان حەشیمەتێکی دەنگدەریان نیە که به دڵنیایی‌یەوە دەنگ بەوان بدەن، بەڵام جەلیلی دەنگی توندڕەوە ئیسلامی‌یەکان به بێ بەشکردن لەگەڵ کاندیدەکانی دیکە به دەست دێنێ.

موحەممەدباقری قالیباف به پێچەوانەی جەلیلی له دەوری دووهەم‌دا شانسی زیاترە چونکە ئەگەر هەلبژاردن بچێتە دەوری دووهەم بەشێک له دەنگی کاندیدە ڕێفورمخواز یان کۆنەپارێزەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ئەو که ئێستا شارەداری تارانە نیشانی داوە که کەسێکی تێکنۆکراتەو هەوڵ بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵاتو دەرهێنانی دیپلۆماسیی ئێران لەو ئیفلیجی‌یە که تێی کەوتوە دەدا. قالیباف، ویلایەتی‌و حەدادی عادل ئەگەر یەکدانەیان بمێنێتەوەو دوو کەسەکەی دیکە پشتگیریی له یەک کەس بکەن قورسایی‌یەکی یەکجار زورتریان دەبێ. عەلی‌ئەکبەری ویلایەتی به هۆی ئەوەی ماوەی ١٦ ساڵ له دەورانی سەرکۆماریی خامەنەیی‌و ڕەفسەنجانی‌دا وەزیری دەرەوە بووە، توانای حکوومەتداریی هەیەو هەروەها ڕاوێژکاری خامەنەیی‌یەو له پشتگیریی ئەو بەهرەمەندە. موحسین ڕەزایی یەکی دیکە له کاندیداکانی بەرەی ڕێفورمخوازان هیندێک پشتگیریی له نێو سپادا هەیەو له نێو خەلکی بازاڕی‌و دەوڵەمەندیش هێندێک پێگەی هەیە، هەرچەند ئەو باسی جیاجیا تەنانەت باسی فێدرالیزمی ئابووریی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام چونکە زیاتر وەک ڕۆخسارێکی سپاهی-ئابووری ناسراوە شانسی بۆ گەیشتن به دەوری دووهەمیش کەمە. به نیسبەت حەدادی عادل که سەرۆکی پێشووی پارلمانی ئێران بوو دەنگدەرێکی ئەوتۆی له ئاستی وڵاتدا له نێو هیچ چین یان گرووپگەلێکدا نیە. باشترین کارێک که حەدادی عادل دەتوانێ ئەنجامی بدا ئەوەیە که له بەرژەوەندی ویلایەتی یان قالیباف بکشێتەوەو بەم کارە هەم شانسی ئەوان بۆ سەرکەوتن بەرێتە سەرێ‌و هەم شانسی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستێکی گرنگ له دەولەتی داهاتوودا زیاتر بکا.

هەرچەند ڕەتکردنەوەی ڕەفسەنجانی‌و مەشایی بەرەی ڕێفورمخوزانو نارازی‌یانی تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کرد، بەڵام نەکشانەوەی کاندیداکانی بەرەی کۆنەپارێزانو زۆریی ئەوان شانسی دوو کەسی گرووپی ڕێفورمخواز زیاد دەکا.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٩
١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٢
٦ی ژوئەنی ٢٠١٣

# کورتەباسیک لەسەر مۆسیقی و گۆرانیی کوردەکانی خوراسان



عەلیرەزا رەحیمی

ئەگەر ئەتەوێ پلەی پێشکەوتن وشارستانێتی هەر گەلێک
بزانیت، گوێ لە گۆرانی و مۆسیقایان بگرە .
-کونفۆسیۆس-

گۆرانیو مۆسیقا لە یەکەم بیرۆکەی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە، لە شەوەزەنگوتاریکە ڕێی پڕسامو‌کۆسپی مێژوودا، هەر نەتەوەیەک گۆرانیی خوی ڕسکاندوە، گەلی کوردیش لەو گەلانەیە کە لەنێوان مەودای ژیان هەتا مردن بە مۆسیقا ڕادێو گۆرانیوسۆزی ئاواز دەبێتە هاوڕێی ژیانی منداڵیولاویەتی وپیریی مرۆڤی کورد. هەر لە سەر بێشکەوە، بە لایەلایەو سۆزو ئاواز گۆش دەکرێو لە کاتی مەرگیشدا بە لاواندنەوەو «کۆتەڵ»وچەمەری»، بەرێ دەکرێ. بە واتایەکی دیکە کوردو مۆسیقاوگۆرانی لە مێژە یەکتر دەناسن.

لەباری ئایینیەوە دەبینین سەرجەم «دوعا»و رفتارە ئایینیەکانی کورد لە سروودەکانی»گاڤا»ی زەردەشتو سروودی یارسانی» ئەهلی حەقو»جیلوە»و مەسحەفا ڕەشی ئیزەدییەکان تا شێعری فۆلکلۆرو شێعری شاعێران ، بە شێوەی کێشدار (موزون) نووسراون. هەر بۆیە زۆربەی شاعیرانی کورد شارەزاییو پەیوەندییەکی دوورو نزیکیان لەگەڵ ئاوازو مۆسیقادا هەبووە. تەنات لە شێعرەکانیاندا باسی ئامێری مۆسیقاو دەستگاو ریتمو مەقاموگورانییان کردوە.

سەمتوور سینەم بە زایەڵەی بەرز
مەژەنو نەوای دووریت بەسەد تەرز
مەولەوی

گۆرانیی هەر نەتەوەیەک وەک دارێکی قایمو ڕیشەدارە کە مانەوەی لە خاکی خۆیدایە، هەرکات ئەم دارە بەهەر هۆیەک لە خاکی خۆی جیاببێتەوە ناتوانێ وەک شوێنی خۆی ڕیشە داکوتێو پەل بهاوێژێ. هەربۆیە کەم گۆرانیی کوردی هەیە کە ڕووداوە کۆمەڵایەتیوسیاسیومێژوویییەکان ڕەنگیان تێدا نەدابێتەوەو غەمو شادیو ئاواتو ڕووداوی خۆشوناخۆشی نەتەوەکەمانی تێدا نەبینینو نەبیسین. ڕیتمو هەوای مۆسیقای کوردی بۆ خۆی زمانێکە کەبە ئاسانی دەتوانین لە فارسیو تورکیوعەرەبیو... ی جیا بکەینەوە.

کوردەکانی خوراسان پاش چەندسەد ساڵ دووریو دابڕانو کارەسات هێشتا سۆزو هەستی ئەم خەمە مێژووییە لە شێعرو گورانییەکانیاندا دەنگی خەمناکی خۆی هەیە.

نووسەری ناوداری کورد مامۆستا کەلیمولڵا تەوەححودی (کانیماڵ) لە پێشەکیی کتێبە بەنرخەکەیدا بە ناوی «گۆرانیی کرمانجیی خوراسان١» دەڵێ: فۆلکلۆر، ئاوێنەی باڵانوێنی تایبەتییەکانی هەر نەتەوەیەکە، وەک مێژوو، جوغرافیا، داب ورەسمو ڕەوشتو ئاکاری ژیان. گەلانی دیرینی ئێران لەم بارەیەوە خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن. هەر ئەمەش توانیویە تایبەتمەندییەکانی بپارێزێ. نەتەوەی کوردیش لە نەتەوە کۆنەکانی ئێرانی باستانو لە نەژادی مادەکانە. نیشتمانی ئەم نەتەوەیە، هەر لە ڕۆژاوای ئێرانی کۆنەوە کە هاوسنووری ڕۆم بووە، هەتا بناری چیاکانی ئەلبورزو زاگرۆسو سەبەلانی گرتۆتە بەر.

لە نێو کورداندا، کرمانج (کورمانژ) مێژوویەکی پڕ کوندوکۆسپو دوورخرانەوەو کۆچی زۆرە ملییان هەبووە، بە تایبەت لە سەردەمی «شا عەباس» (×فوی)دا نزیک بە ٤٠ هەزار کوردی نیشتەجێی ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی ورمێ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا خوراسان کۆچ پێکراون. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان « شا عەباس» بە دوو هۆکاری سەرەکی یانی لاوازکردنی شۆرشی خانو میرەکانی کرمانجو سازکردنی دیوارێکی دیفاعی لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ هێرشی (ازبکان) ئەم کوردانەی بەرەو ئەوێ کۆچ داوە کە بریتین لە ٢٢ خێڵی گەورەی کوردو ئێستا لە شارەکانی (اسفراین، بجنورد، شیراون، قوچان، درگز، باجگیران، ئاشخانە، فاروج) زۆرینەی خەڵکی ئەو شارانە کوردنو هەروەها لە دەوروبەری (مشهدو نیشابورو سبزوار)یش کورد دەژین. بەجێیە بزانین کە (ابن خلکان) زانای ناوداری کورد لە تیرەی خڵکانلوی کرمانجە.

سەرەتا زانایەکی ڕووسی بەناوی «نیوانۆف»لە ساڵی ١٩٢٧دا کتێبی سترانەکانی کرمانجی بڵاوکردۆتەوە پاشان مامۆستا تەوەححودی لە کارێکی گەورەتردا نزیک بە ٣٠٠٠ گورانیی لە ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان کۆ کردەوە کە ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی جێی باوەڕ بۆ هۆگرانی بواری ئەدەبو هونەرە. ئەگەرلە شێعرو گۆرانیی «هەورامی»دا باسی پاداگرتن لە سەر خۆشەویستیی خاکو وەتەنو سیروانو شاهۆو... لە هەموو شتەکانی دیکە بەر چاوترو پڕڕەنگترە، هەر بەوجۆرە لە گۆرانیی کرمانی ژوورو، سۆرانیولوڕییشدا، هەرئەو بیروڕایە وەک خوێنێک لە دەماری هەمووانداگەرموگۆڕ دێتو دەچێ.

با بروانینە بەندێک لە گۆرانیی کرمانجی کە لە مێژووێکی پڕ لە کۆسپو نەهامەتی دەدوێ:

باژارمشتن، باژارمشتن
قاجار هاتن، ڕوو نەنشتن
خانوبەگی مە، وان کوشتن



(بازاروشاریان تاڵان کرد
قاجار هاتن، نەمانەوە
کوشتیان بەگەورەو خانەوە)
باسکوپێلێ من گرێ دەن
وە وەر زاوێ قەرنێ دەن
خەوەرێ من وە یارێ دەن
(با بیبەستن باسکوپیلم
بەرەو دۆڵی «قەرەن»بمبەن
بە یار بێژن: کە من دیلم)

گورانییەکانیاندا بەم چەشنە دەدوێن:

ڤان چیای جێ مە نینن
مەرخێ چێی یی مە هێشینن
کەوێ نە وێ ڕەند دەخوێن
(چیای من نین ئەم کێوانە
سەوڵی چیای من زۆر گەشن
قاسپەی کەوێ لەوێ خۆشن)

وەڵاتی مە «ئەرزەڕوومە»
وەکوو لووتو گولو توومە
هەف سالن ئەز ژێ جێ بوومە
(وەڵات ئێمە «ئەرزەڕوومە»
کێوانی پڕ گوڵوگیان
حەوت ساڵە من لە وێ جیام)

بە سەرنجدانێکی خێرایش بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمانە تەنیا گۆرانییەکی سادەو ساکار نین، بە ڵکوو بە سۆزی دەروونی هونەرمەندانەوە ڕازی دڵو ئاوێنەی سیمای ڕابردووی میللەتێکن. کە دوای سەدان ساڵ ڕازی دەروونیی ڕابردووان ئاشکراتر دەکەن کە: ئێرە جێگای ئیمە نیە ، وڵاتی ئێمە» ئەرزەڕوومە»..

جەجۆ خانۆ تۆ سیار ڤی
سەللات هاتیە دەوی داوی
جەجۆ خانەک پەیدا ناوی
خانی خانان جەجۆ خانۆ
ئورەس ژە ت هەراسانۆ
لە دڵی تە ما ئەرمانۆ
سەردار جانۆ جەجۆ خانۆ
(ئەی جەجۆ خان هەستە سوار بە
وا هەستانەو ئاگادار بە
جەجۆ خانێک پەیدا نابێ
خانی خانان جە جۆ خانە
ڕووس لە دەستت هەراسانە
ئارمانی ئێمە لە دڵتایە
سەردارگیان ئەی جەجۆ خان)

پێویستە بگوترێ کە «جەجۆ»خان یەکێک لە قارەمانەکانی کوردی خوراسانە، کە لە سەرەتای مەشرووتەوە بەرخۆدانێکی دەست پێکردوە بەدژی داگیرکەرانو بێگانەکان. ئەوەندە تەنگی بە تەزاری ڕووس هەڵچنبوو، کە دەگوترێ کاتێ چیرۆکی حەماسەکەی



باسی هێرشو تاڵانو کوشتوبڕی کوردان لەم بەندە دا بە ڕاشکاوی دیارە کە ئاماژەیەکە بە شاڵاوی عەباس میرزای قاجار بۆ سەر ڕەزا قولی خانی ئیلخانی لە قووچان ساڵی ١٢٤٨ کە دەیویست بە سەربەخۆیی بژی. هەروەها مەسەلەی کۆچو دابڕان لە زێدو یار بە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا لە نێو فۆلکلۆری کوردی بە تایبەت کوردانی کرمانجیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر لە گۆرانیی هێندێک لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بە شێوەی تاکەکەسی باسی غەریبیو دوورەوەتەنی دەکرێ، ئەوا لە گۆرانی کوردەکانی خوراساندا بە شێوەیەکی گشتی ئاواتو ویستی گەڕانەوەو بەیەکشادبوونەوە، ڕەگی قووڵتری لە نێو دەروونی هونەرمەندو خەڵکدا داکوتاوە ئەوەتا لە کۆتایی دێ، تەزاری ڕووس بەکینەو نفرەتەوە، سکی هەڵدەدڕێودڵو جەرگی دەردێنێ. ئەو چەشنە ڕووداوگەلە کاریگەریی لەسەر زەینو بیرو خەیاڵی کوردەکانی خوراسان، بە تایبەت سترانبێژو گورانیچڕەکانی خۆراسان دادەنێو ئاگری خۆشەویستیو هەستی نەتەوەییان تێدا دەگەشێنێتەوە.

***

ژێدەر:

مێژوویی مۆسیقای کوردی/حەمەی حەمە باقی،
«ترانەهای کرمانجی خراسان»١ کلیم الله توحدی،

هەڵچنینی

## چەند کاتژمێر لە کاژێرێکدا



مستەفا شێخە

خەڵکی ئەم دەوروزەمانە هەر دەڵێی لەگەڵ چەندین ساڵ لەمەوبەر هیچ فەرقیان نەکردوە. هەرکەسەو ئەسپی خۆی لینگ دەدا. کەس لا لە کەس ناکاتەوە. هەرکەسە بە ڕبەی خۆی دەپێوێو بیر لەوە ناکەنەوە ئەگەر بە ڕبەی خۆشیان بپێون، ئەوەندەی تێدا بهێڵنەوە خەڵکی دیکەش بتوانن لەم هەموو داهاتو سەروەتو سامانە کەمێک بکەنە ڕبەی خۆیانەوە.

ئەمن کۆلێکی ئەوتۆم بە کردن داوە، دەکرێ گەورەو بچووکی بکەمەوەو لە هەرشوێنێک زانیم خەڵکی دیکەش ڕبەیان پێیە، وای ڕێکدەخەم هەموومان بتوانین ڕبەی خۆمان پڕ بکەینو کەسیش دڵی لەوانی دیکە نەهێشێ. لەم دەوروزەمانەدا دەکرێ ڕبەی ئەوەندە گەورە دروست بکەی بەشی کەسانی دیکەش بۆخۆت بەری، بەڵام بە هۆی لەقاودانی تەلەفزیۆنو ئینترنێتەوە، ئەویش ناکرێو لە هەمولایەکەوە لێت لەهەڵڵا دەدەنو ئەوکات پڕ بە ڕبەی خۆمان حەیامان دەچێ.

ئەوەی لە هەموو شتێک هەراوترو زۆرترە، بەستێنی زمانی بێخاوەنی کوردییە. لە پێوانو بەشبەشێن لەم بەستێنەدا بە کەیفی خۆت دەتوانی ڕبەی لێ پڕبکەیو کەسیش خۆی لێ ناکا بەخاوەن. ئەو کاتەی زمان تەنیا بە گێڕانەوەی بن کورسیو بەر ئاگردانو لە مەجلیسی دیوەخانو لە حوجرەی فەقێیان کەرەستەی جوانی پەیوەندیی نێوان خەڵک بوو، خەڵک ئاوا مرخیان لە دزین بەشبەشکردنی خۆش نەدەکرد.

لەم دواییانەدا بە هۆی ئینترنێتو رادیۆو تەلەڤزیۆنو ڕۆژنامەی هەراوو زۆرو زەوەندەوە، زمان کەوتە بەردەستی کەسانێک کە هەر یەکەیان ڕبەی خۆی پێیە. زۆربەی ئەوانەی تێکەڵی کاروباری زمانن، ڕبەکانیان کۆنو خوارو خێچو تێکشکاونو ئەوەندەی بۆ خۆیانی پڕ دەدەن، کاتێک ڕۆی دەکەنەوە بەشێکی زۆری لە کەلێنو کولێنی ڕبەکانیاندا بێسەروشوێن دەبێ.

ساڵانی پێشوو جاری وا هەبوو، گەلی گوێگرو گوێدێران چەند سەعاتان لە دیوەخانو مزگەوتو حوجران یان لەبن کورسیو گوێ ئاگردانی شەوانە، گوێیان لە حەقایەتو بەیتو باوو حەیرانو بەسەرهاتان دەگرت. هەمووکەسیش لە خۆیڕا نەدەدیت سینگی بداتە بەرو لاسای بەیتبێژوحەقایەتخوانو دەنگخۆشەکان بکاتەوە. هەرکەسەو کاری خۆی دەناسی. کۆمەڵێکی لێزانو لە کڵ دەرهاتوو درێژەیان بە کارەکەیان دەداو کەسانێکیش کە بەڕاستی لە خۆیان ڕادەدی ڕچەی ئەوانیان دەگرتە بەر. فێر دەبوونو دەبوون بە وەستاو لێزانو لێهاتوو. بەڵام بەشی هەراوی خەڵک وەک گوێگر دەمانەوەو ئەوانەی خۆشیان بۆ فێربوون تاقی دەکردەوە، هەر زوو دەیانزانی فێر دەبن یان نا. ئەگەر وزەی فێربوونیان نەبووایە خێرا دەکشانەوەو قنگیان لەسەر بەڕەی خۆیان دادەنایەوەو چێژیان لە کاری ماموستاکان وەردەگرت.

لەم دەوروزەمانەی ئێمەدا لە سایەی خێرو بێری ئەم دێموکراسییە بێلغاوەی لە دنیای ڕاگەیاندندا هەیە، هەرکەسە دەستی داوەتە ڕبەیەکو لەم بەستێنی زمانەدا خەریکە بەشێک دادەبڕێ. دوای ئەوەی خرای دەکاو تێکی دەدا، بە پەلە وەک زڕوزیوان دەیهاوێتەوە نێو خەرمانی زمانو خەرمانەکەی پێ پیسو نەتەچاو دەکا.

ئەم زمانزانە هەراوانەی نێو پانتایی ڕاگەیاندن، هەر جارەی دە وشەیەکی کوردی دەوەژێنن و بەشێوەیەک لێی ڕەبادەدەن. وشە لێقەوماوەکەش بەناچاری لە دەستیان دەردەپەڕێو ئەوەندە خۆ هەڵداوێ هەتا هەموو سەروگوێلاکی تێکدەشکێ. جا ئەوکاتە بەتەواوی سەقەت دەبێو کەس نایناسێتەوە.

وشەی «کاژێر» یەکێکە لەو وشانەی بەدەستی ڕاگەیەندکاری کوردەوە ئەو پەندەی بەسەر هاتوە. ئێستا ئەم وشە ماڵوێرانە بۆخۆشی تێیدا ماوەتەوە. نازانێ لە « کاژێڕ» و «کاژێر» کامانەیە.

لە زمانی کوردیدا « کاژێڕ» کە پیتی ئاخری بە گڕی بێژ دەکرێ، بەمانای کەلێنو قوژبنو پەناو پەسیو کەڵکی لێوەردەگیرێ.

«ئەو خانوەی بە کونو کاژێڕ بیشێلە، دڵۆپان دەکا».

بەڵام «کاژێر»ەکەی ڕاگەیاندنی کوردی ئەم سەردەمی دیموکراسیو کەسلەکەسییە ، بە مانای سەعاتە. هەرئەوسەعاتەی ساڵانی پێشوو پیرە پیاوان بە زنجیر لە گیرفانی کەواو سەڵتەیان قایم دەکردو زۆر جاریش بە هۆی نەبوونی ئەم ڕاگەیاندنەی ئێستا، لە گەڵ سەعاتی مەلای ئاوەدانی یان دەمڕاستێک میقاتیان دەکرد. دواتری هێندێک دەم لەپێشی بواری زمان، ئەو سەعاتەیان کرد بە کاتژمێر، کە بەڕاستی پڕ بە پێستی بوو، چونکە کاتی دەژمارد. دوایی بەوەش نەوەستانو مەودای نێوان دوو خاڵی سەر کاتژمێریانیشیان ناو نا کاتژمێر. لەم دواییانەدا ئەوانەی بەپەلە بە ڕبە شڕو شەقەکەی خۆیان دەپێون، لە سەرو گوێلاکی کاتژمێریان داو کردیان بە «کاژێر».

وەک ئێستام لەبیرە، ئەمن ماوەی چەند ساڵ لەمەوبەر چونکە کوردیم دەخوێندەوە، لەترسی هێرشی داگیرکەران بۆماوەی چەند کاژێر خۆم لە کاژێڕاندا شاردەوە. خۆشحاڵم لەدەست ئەوان نەجاتیم بوو، بەڵام ئێستا نازانم لەدەست کاژێرو هەمووشتێک ئامێزو هەڵسانو پۆزشی هاوڵاتیان لە چ کاژێڕێکدا خۆم حەشار بدەم.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 609 6 june 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لەلایەن ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە








ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١١ی جۆزەردان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌داو بەبەشداریی سەدان کەس لە منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و دایکو باوکیان بەڕێوە چوو، منداڵان بە چالاکیی هونەری‌و گۆرانی‌و شێعر ئەو ڕۆژەیان کرد بە جێژن‌و لەو جێژنەدا ڕێز لە منداڵان‌و دنیای پاکو بێگەردی ئەوان گیرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیە لەلایەن عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

دوای پەیامی دەفتەری سیاسی، پەیامی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن شیلان قوربانی‌فەر، بەرپرسی ئەو ناوەندەوە خوێندرایەوە.

لەوپەیامەشدا هاتبوو کە منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا لە زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی ژیانیان بێ‌بەشن، ئەوان لە دایکبوونیشیان هەر هەڵاواردن‌و پشتگوێ خرانەو هەر لە سەرەتای ژیانەوە وەک مرۆڤی پلە ٢ دەژین‌و لە قۆناغەکانی سەرەوەتر کە دەچنە قوتابخانە مافی ئەوەیان نیە بە زمانی زکماکیی خۆیان فێری خوێندن‌و نوسین بن.

لەو پەیامەدا هاتبوو ئێمە وەک ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدەین کە دەنگی منداڵانی ڕۆژهەڵات بگەیەنین بە ناوەندە نێوەدەوڵەتی‌یەکان بۆ ئەوەی ئاوڕێکیان لێ‌بدرێتەوەو فشار بۆ ڕێژیمی ئێران بێنن تا دان بە مافەکانیان‌دا بنێ‌و بەرعۆدەی دەستەبەرکردنی ئەو مافانە بێ‌و ئەمنییەتی گیانی‌و ڕەوانیی منداڵان بپارێزێ.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو جێژنەدا سروودی منداڵ، سرودی کۆلکەزێرینە، شانۆی مامۆستاو قوتابی، گرووپی هەڵپەڕکیی باران، پێشبرکێی وێنەکێشان، شانۆی پەشیمانی‌و سروودی بووکە شووشە بەبەشداریی منداڵانی بەشدار لەو جێژنە پێشکیش کران کە لەلایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازی‌یان لێ کرا.

شایانی باسە کە لە نێوان پێشکێش‌کردنی بڕگە سەرەکی‌یەکانی ئەو بەرنامەیەدا منداڵان بە خوێندنەوەی شێعرو گۆرانی جێژنەکەی خۆیان ڕازاندەوە.

## کۆچی دوایی هونەرمەند تەها کەریمی

تەها کەریمی، دەرهێنەر و سینەماکاری کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ڕووداوی پێکدادانی ماشێن کۆچی دوایی کرد.

شەوی پێنجشەممە، ٨ی جۆزەردان لە ڕووداوێکی هاتووچۆ دا لە شاری سلێمانی، دەرهێنەر و سینەماکاری بە توانای کورد تەها کەریمی گیانی لە دەست دا.

تەها کەریمی لە دایکبووی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لەشاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، سەرەتای کارە هونەری‌یەکانی بەنووسینی چیرۆک دەستی پێ کرد.، ساڵی ١٣٨٣ لەبەشی سینەما لەزانکۆی هونەری تاران لیسانی لە بواری دەرهێنان وەرگرتو، تا ئێستا جگە لە چەندین فیلمی دیکۆمێنتی، ٤ فیلمی کورتی بەناوەکانی»سنوری ژین»، «زریان»، «سەمای مرواریەکان» و «کوێستانی سپی»بەرهەم هێناوەو دوایین بەرهەمیشی فیلمی سینەمایی «کوێستانی قەندیل»ە کە یەکەم فیلمی درێژی دەرهێنەرە.

تەها کەریمی کەسایەتی یەکی خۆشەویستو خۆشناوی شاری بانەو لە هەمان کاتدا دۆستێکی نیزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە بەداخبوونی خۆی لەم کارەساتە دڵتەزێنە ڕادەگەیەنێ و سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری تەها کەریمی دەکاو خۆی بە شەریکی خەم‌و ماتەمینیی ئەو بنەماڵەیە دەزانێ.



## بەشداریی هونەرمەندێکی کورد لە فێستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێران

هونەرمەندو بەیتبێژ، سەلاح خزری لە بەرنامەیەکدا بە ناونیشانی «بەیت بێژی لە کوردستان»، لە هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێران کە لە هۆڵی ڕوودەکیی شاری تاران بەڕێوەچوو، گەشتێکی بە بەیتە کوردی‌یەکانی ناوچەی موکوریان‌دا کرد.

لەم دانیشتنەدا سەرەتا کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر بەیت بێژان، حەیرانبێژان‌و گۆرانیبێژانی ناوچەی موکوریان پێشکەش کرا، پاشان سەلاح خزری وتارێکی سەبارەت بە بەیت پێشکەش کرد، لە بەشێکی قسەکانی‌دا گوتی: هۆنراوە کۆنەکان بەشێکی گرینگ لە موزیکی فۆلکلۆری کوردی پێکدێنن و ئەدەبیانی زارەکی و خۆماڵی کوردی بە بەیتەکان پێناسە دەکرێن. بەیتەکان چیرۆک و ڕووداوە مێژوویی، خەبات، ئەوین و ئایینییەکانی نەتەوەی کوردن کە سینگ بە سینگ لە نەوەی کۆنەوە بۆ نەوەی نوێ بەجێ ماون.



ناوبراو گوتی موزیکی کوردی بە هۆی بەربڵاویی جوغرافیاو توانایی‌و تایبەتمەندیی زمانی کوردی کە زاراوەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە، لقی زۆری لێکەوتۆتەوە، لەوانە: بەیت، حەیران، حەیرانۆک، لاوک، لێ لێ، هۆرە، سیاوچەمانە، بەند، مەقام و وردە مەقام، کە هەر کامیان بە شێواز و ستایلی تایبەت بە خۆیانەوە پێشکەش دەکرێن کە بەیت لەم ناوەندەدا سەرتۆپی هەموویانە و هەر بەیتێک بە ئاواز و مەقامی تایبەت بە خۆی دەگوترێ.




بەر لە ماڵاوایی

## بۆ «تەها کەریمی*»



ڕێناس جاف

### سەوز وەک بەهار،باڵا بڵند میناک قەندیل

*ڕۆژانێکە «قەندیل» ماتە*
*چیاکانی کوردستانم، هەموو یەک یەک*
*بەرگی سەوزی ئەم بەهارە دائەکەنن*
*و*
*چاو بە گریان ، بەرگی ماتەم ئەکەنە بەر.*
*هەڵۆکانی قەندیل ئێستێ*
*نەک بە یەک چاو، بە هەزار چاو*
*تا بە «بانە»، کۆترێکی باڵ نەخشینی بێگەرد بێگەرد*
*ئیسکۆرت ئەکەن.*
*لە قەندیلەوە تا بانە و لەوێشەوە تا «سلێمان بەگ»*
*چیا، خامۆش، ڕێگا، پڕپڕ لە کۆترە*
*و*
*هەموو هاتوون بۆ پێشوازی*
*هاتوون هەتا دوور لە چاوی کامێراکەی دەستی «تەها»*
*هۆن هۆن فرمێسک*
*بە سەر لاولاوێکی ئەم بەهارەی کوردستانا هەڵبڕێژن*
*هاوڕێ ، ئەوە کامە «زریان» ی ناوەختی پایزان بوو بەم بەهارە!*
*گشت لق و پۆی دار سنەوبەرە بەهارییەکەی منی وەراند*
*ئەی ئەوە کام ئەویندارێ بێ بەزەیی ئەم چاخە بوو*
*بە دەم «سەمای مرواریەکان»ەوە*
*تیری ژەهری گرتە گیانت!*
*ئەوە کامە ڕۆژگارە، دڵڕەق دڵڕەق «سنووری ژین»م ئەتەنێ*
*و*
*بە دڕکستان دەورم ئەدات!*
*هاوڕێ ئەوە کوانێ تا پێم بڵێی جەخار جەخار*
*بۆ ئەم ڕۆژگارە*
*ئەبێ بەرمیل بەرمیل نەوت بفرۆشم بۆ لەتێ نان*
*ئای لەم ژینە «نان و نەوت» بۆ کوێی ئەبا!*
*ئەوە کامە دەستی پیسکە و پۆخڵی سەردەمە*
*ڕازیی نابێ یەک لە بەری «درەختەکەی هەزار و یەک سێو»م باتێ!*
*هاوڕێ، ئەی ئەوە کێ بوو هاواری ئەکرد:*
*«من بەکرێگیراوی سپیم « ئەی تۆ کێی؟!*
*ئێستێ هاوڕێ بێ تۆ «کوێستانی سپی»»*
*سپی میناک ڕەنگی ژیان*
*هەموو لایەک سپی، سپی*
*هەروەک دڵە سپییەکەی خۆت.*
*ئەوەی ئێستێ هەر بە تەنیا بۆت ڕەشپۆشە*
*نەک «کوێستانی قەندیل»ەکەت*
*هەر چوارپارچەی کوردستانە*
*بۆت گریانە.*

*تاران*
*١٣ای جۆزەردانی ٢٧١٣*

وەرگیراو لە سایتی دەنگەکان

* ڕۆژی ٩ی جۆزەردانی ٢٧١٣ (٢٩ی مانگی مای ٢٠١٣) ، سینەماکار و دەرهێنەری بەتوانا و ناوئاشنای کورد «تەها کەریمی» لە تەمەنی ٣٥ ساڵان لە شاری «سلێمانی»ی باشووری کوردستان لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ و پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیلدا گیانی لەدەست دا و تەرمەکەی گەڕێندرایەوە ڕۆژهەڵات و لە گۆڕستانی «سلێمان بەگ»ی بانە و لە تەنیشت مەزار و ئارامگەکەی نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کوردی فارسینووس «برایمی یۆنسی «دا بە خاکی کوردستان سپێردرا. بۆ وتن دەشێ «تەها»ی جوانەمەرگ بەو تەمەنە کورتە، خزمەتێکی هەرەباڵای بواری هونەری سینەمای کوردیی کرد و بە دەیان بەرهەم و فیلمی سەرکەوتوو، لە فێستیڤاڵەجیهانییەکان‌دا گەلێک شانازیی بە نەسیب کورد کرد. «کوێستانی قەندیل»،»زریان»،»نان ونەوت» («نەوت، شێرپەنجەی شارەکەم»)،»کوێستانی سپی»،»سنووری ژیان»،»هەزار و یەک سێو»، و «من، بە کرێگیراوی سپیم» ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی «تەها»ی جوانەمەرگ دێنە ئەژمار. تەها کەریمی، ساڵی ١٩٧٨ (١٣٥٧)ی هەتاوی لە شاری «بانە»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش لە باشووری کوردستاندا ژیاوە.